ئەدۆنیس

# شوناسی تەواونەکراو
## (داهێنان، ئایین، سیاسەت، سێکس)

وەرگێڕانی

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

ناوی کتێب: شوناسی تەواونەکراو

بابەت: کۆمەڵە وتار

نووسینی : ئەدۆنیس

وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

ساڵ و شوێنی چاپکردن: سلێمانی- ڕەخنەی چاودێر، 2008

دیزاینی بەرگ: نەرمین مستەفا

مۆنتاژ: جەمال حسێن دەروێش

تابلۆی سەر بەرگ: کۆلاژی ئەدۆنیس پێشکەشی وەرگێڕی کردووە.

بەرگی پشتەوە: وێنەی ئەدۆنیس بە کامێرای (کاردۆ کامۆ) ساڵی 2002.

ژمارەی سپاردن: ١٣٥٣ ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەرچاوە: أدونيس، الهوية غير المكتملة (الابداع، الدين، السياسة، الجنس)، دار بدايات للطباعة و النشر، سورية- دمشق، 2005.

## ناوەرۆك

بەشی یەكەم: خودا......................................4
بەشی دووەم: سێبەرە ڕەنگینە عەرەبییەكان.......... 7
بەشی سێیەم: سیاسەت................................ 14
بەشی چوارەم: ئاشتی................................ 16
بەشی پێنجەم: عەرەب و خۆرئاوا..................... 17
بەشی شەشەم: شۆڕش................................ 23
بەشی حەوتەم: ئەدەب................................. 26
بەشی هەشتەم: شیعر.................................. 29
بەشی نۆیەم: بنەماكانم.................................. 34
بەشی دەیەم: خۆشەویستی، سێكس، داهێنان.......... 39
بەشی یانزەیەم: كۆتایی.................................. 48
كورتەی ژیانو بەرهەمەكانی ئەدۆنیس..............49

## بەشی یەکەم

# خودا

سۆفیگەریی من خاڵییە لەناوەڕۆکی ئایینی. خودا، بەمانا ئاینییەکەی، چیتر نادوێ، "نادیار" یەکجار و بۆ هەتا هەتایە دواوە، کەچی نادیار لەسۆفیگەریی مندا بەردەوامو بەشێوەیەکی ناکۆتا قسە دەکات. بۆیە لە سۆفیگەریی مندا جیاوازی نییە لەنێوان بوونەوەری مرۆڤ و لەنێوان ئەوەی بەخودا ناودەبرێت، لێرەدا دەگەینە حاڵەتێك لەتینی سۆزو خۆشی (وەجد) کە بەجەوهەری گەردوونمان دەگەیەنێتو، ئیدی هەموو پەردەپۆشو بەربەستە مادییەکان جێدەهێڵین، لەم چرکەساتەدا مرۆ لەگەڵ خودادا دەبێت بەیەك، ئەوەی کە دەشێت بەیەکێتی یاخود بە یەکێتیی بوون ناوببرێت.

ئاخۆ رۆحانییەتی هەزارەی سێیەم لەچ دۆخێکدا دەبێت؟ دەشێت ئەدەب، بەتایبەتی شیعر، ئەو پانتاییە بێت کە دەبێ لەوێدا بۆی بگەڕێین و لەوێدا رۆحانییەتی نوێ دیاری بکەین، واتە بووژانەوەیەکی تازەی رۆحیی، کە خوێن بەدەمارەکانی هەسارە پیرەکەی ئێمەدا بکات.

سۆفیزمی عەرەبی دەڵێ: ناتوانین بەئەقڵ خودا بناسین. خودا بەدڵ دەناسرێت، چونکە ئەقڵ سنووردارە، هەموو شتێکی سنوورداریش ناتوانێت لەبێسنوور تێبگات یان دەرکی پێبکات.

بۆ تێگەیشتن لەبێسنوور دەبێ فیکرێکی بێسنوور ئامادە بێت.

خوێندنەوەی باو بۆ "سروش"ی تەقلیدی، وێنەیەك بەسروشبەخش، واتە خودا، دەبەخشێت، وەك بڵێی سروشبەخش ئاگاداری ئەو ناکۆتاییە نەبێت کە لەناواخنی مرۆڤ و لەناو گەردووندا پەنهانە.

"سروش" لەکتێبە پیرۆزەکاندا بخوێنەرەوە، لەوێدا خودا بەدیارکەوتوویی (تەجەللی) نابینیت. کتێبی پیرۆز خودا نییە، خودای رۆحیی نییە، چونکە خودا لەسەرووی ئەو کتێبانەیە کە لەبارەی ئەو دەدوێن. پێدەچێ ئایین، لەپراکتیکدا، پتر لەدراوی رۆحی بچێت، هەروەکو دراوی ماتریالی کەرێیەریی دنیای بازرگانان دەکات، دەتوانین بڵێین ئەم "ئایین ـدراو"ە پێشڕەویی ئەقڵەکان دەکات، بەڵام لەبری ئەوەی رۆشنیان بکات، دەیانکوژێنێتەوە.

لێـرەدا خوێنـدنەوەیەکی ئـاینی دیـاریکراو هەیە کە سـنورێك بـۆ خـودا دادەنێـت، لەنێـو گوتارێکدا بەندی دەکات کە گوتارێکی هەژارەو خودا دەگۆڕێت بۆ وەزیفە.

کەچـی خـودا، بەوپێـیەی مەعـریفەیە، هەمـوو گوتـارو هەمـوو سیسـتمەکان جێـدەهێڵێت، خـودا هەمـوو سروشـتێکیش جێـدەهێڵێت، چـونکە خـودا ئەو ناکۆتـاییەیە کە هەمیشـەو بەردەوام کراوەیە بەسەر ناکۆتاییەکی مەزنتر.

ئەمە ئەو شـتەیە کە سـۆفیگەرەکان، لەبـارەی ئەو گوتـارەی تیـۆری خواوەنـد دادەڕێژێت، بیری لێدەکەنەوە.

بەلقیسـی شـاژنی سبأ، لەیەمەنـدا دیـدەنیی پاشـای کـرد. سـولەیمان پاشـای پێغەمـبەر چـوو بـۆ لای تـا داوای لێبکـات شـووی پـێ بکـات، بەلقـیس و سـولەیمان چـوونە نێـو دیـالۆگێکی درێـژەوە، یەکێـك لەو پرسـیارانەی بەلقـیس لەسـولەیمانی کـرد، ئەمە بـوو: "خـودا چ ڕەنگێکـی هەیە؟". سـولەیمان وەڵامـی نەدایەوە، چـونکە نەیـدەزانی. وابـزانم بەلقـیس گاڵتەی پێدەکرد. ئەمە قسەیەکی نەستەقی سەردەمی سولەیمانە.

لەسـۆفیگەریی منـدا بـایەخێکی گەورە بەجەسـتە دەدرێـت، جەسـتە بەسـیفەتی ئەوەی ڕاسـتەوخۆ بەشـتەکانەوە پەیوەسـتە، هەروەهـا بەجیهـانو، بەروونـاکییەوە. یەکـێ لەسۆفیسـتەکان دەڵـێ: بـۆ گەیشـتن بەنادیـار، واتە بە خـودا، هەر دەبـێ بەجەسـتەدا تێـپەڕین. ئەو جەختـی لەجەسـتەی مێینەیـی دەکـرد. چـونکە ئەگەر جیهـان نەکرێـت بەمێ، پشتی پێ نابەسترێ.

کاتێـك خـودا لەنیگـای خەڵکیـدا نمـوونەیەکی جێگیـر وەردەگرێـت، دەکـرێ بڵێـین سەرانسـەری جیهـان سەرکێشـی دەکـات تـا مـۆرکێکی لەو چەشـنە لەلای ئەو کەسـانە وەربگـرێ کە بـاوەڕێکی تەسـکیان پـێ هەیە. لەوانەیە ئەمە جەنگـی نێـوان ئاینەکـان لەچـاخە کۆنەکـانەوە تـا ئەمـڕۆ ڕاڤە بکـات، ئەو جەنـگەی هـیچ کاتێـك نەکـوژاوەتەوە. ئەم جەنـگەی نێـوان ئاینەکـان، بێگومـان، فـۆرمی جیـاواز وەردەگـرێ، بەڵام هـیچ ڕۆژێك ڕانەوەستاوە، تائێستاش درێژەی هەیە.

ئایینەکـان وەك مەسـەلەیەکی ئێجگـار مەزن سـەیری خـودا دەکەن، هەر ئاینێـك پێـی وایە خـوداکەی خـۆی باشـترین خـودایە، هەروەك هەمـوو ئاینێـك بـۆ داکـۆکیکردن لەخـوداکەی خـۆی جەنـگ دادەگیرسـێنێت. کەچـی خـودا، بە بـاوەڕی مـن، بەتەنهـا خـۆی دەتوانێـت داکـۆکی لەخـۆی بکـات، بـۆیە پێویسـتیی بەسـەرباز و تانـك و زرێپـۆش نیـیە. خـودا، بـۆ داکـۆکیکردن لەخـۆی، پێویسـتیی بەجەنگـاوەران و بەو کەسـانە نیـیە کەخۆیـان دەتەقێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژی پابەندە بەوێناکردنی باو لەسەر خودا.

ئەم توندوتیژییە، لەدیدی لایەنگرانی ئایینە تاكخوداییەكان، توندوتیژییەكی پیرۆزە. هەموو شتێك لەلای ئەوان بریتییە لەتوندوتیژی، گریمانی ئەوە دەكەن ئەمە شتێكی خوداییە، بەڵام ئەم گریمانكردنە لەڕاستیدا بەروبومی توندوتیژییە. هەموو ئەم شتانە لەپرۆسەدا دەردەكەوێتو، لەواقیعدا لەدژی مرۆڤ بەرجەستە دەبێت، بەشێوەیەكی تایبەتی لەدژی ئافرەت.

مرۆ زۆر توندوتیژ دەبێت كاتێك بەناوی خوداوە پێی دەگوترێت: ئەم كارە مەكە، ئەو قسەیە مەكە، بیر لەمە مەكەرەوە.... تاد، ئەمە لەڕاستیدا سەرەتاو ریشەی توندوتیژییە، پاشان دوای ئەوە توندوتیژیی سیاسیو كۆمەڵایەتی دێت. سا ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ بیركردنەوە لەبنەمای ئەم توندوتیژییە و ئەوە دەرنەخەین كەتوندوتیژی لەئاییندا ریشەی داكوتاوە، ئەوا ناتوانین نە لەتوندوتیژی و نە لەجەنگ رزگارمان ببێت.

چەمكی "قەدەغەكردن" مانای توندوتیژی لەخۆدەگرێت. ئەگەرچی توندوتیژی لەزۆربەی كۆمەڵگاكاندا بڵاوە، بەڵام بێگومان لەكۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی تر جیاوازیی هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییەش لەپلەدایە نەك لەجۆردا.

هەرچۆنێك بێت، تەنها قەدەغەكردنێك كە كەس ئاوڕی لێناداتەوە و دەبێ لەبەرامبەر توندوتیژیدا پارێزگاریی لێبكەین، بریتییە لە: "كەس مەكوژە."

## بەشی دووەم

# سێبەرە ڕەنگینە عەرەبییەکان

کاتێك ڕەخنە لە عەرەب و ڕەخنە لە خۆم دەگرم، بەڕەهایی ڕێگە بۆ خۆم دەکەمەوە، ڕەخنەیش ڕێگە پێدراوە بەمەرجێك ڕەخنەیەکی بەئینساف بێت. کاتێك لەبارەی عەرەب دەدوێین، دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان عەرەب وەکو تاکەکەس و وەکو بوونەوەری مرۆڤایەتی، و لەنێوان عەرەب بەسیفەتی دامەزراو یان بەسیفەتی رژێم.... تاد. ئەمە بۆ هەموو میللەتێك کە باسبکرێتو ڕەخنەی لێبگیرێت، بەو چەشنەیە. واتە ڕەخنەگرتن ڕەخنە نییە لەتاکە کەس، سا ئەگەر ڕەخنە بگرین ئەوا ڕەخنە لەدامەزراوەکان دەگرین. بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر من ڕەخنە لەعەرەب بگرم بەسیفەتی مرۆڤ، ئەوا دژایەتیی خۆم دەکەم.

مەسەلەیەك هەیە بەردەوام سەرقاڵم دەکات، ئەویش مەسەلەی هەڵتەکاندن یان لەباربردنی باوکسالارییە لەلای ئێمە، بەوپێیەی باوکسالاری بریتییە لەدەرکەوتەی کۆمەڵایەتیی خواوەند، دیسان بەوپێیەی لەنێو کۆمەڵگەدا رۆڵێکی سەلبیی خەسێنەر دەبینێت. ئەگەر بمەوێ لەتاك و تەنیایی خواوەند رزگارم بێ، دەبێ لەتاك و تەنیایی باوکیش رزگارم بێت.

چونکە باوکسالاری، بەڕێگەیەك لەڕێگەکان، مێینەیی کوشتووە. لەژێر سێبەری ئەم باوکسالارییە کۆمەلایەتییەدا ئافرەت بوونی نییە. ئەگەر باوکسالاری شتێکی بەکەڵك بوایە پێویستیمان بەوە نەبوو بە باوکسالاری ناوی ببەین. لەواقیعدا باوکایەتییەکی باشو بەکەڵك لەسەر ئاستی ژیان و لەسەر ئاستی دۆستایەتیدا، رێزلێگیراوە. ئەمە باوکایەتییەکی مرۆڤدۆستییە، بەپێچەوانەی باوکسالاری کە خاڵییە لەمرۆڤدۆستی.

عێراق بریتییە لەگوناهەکانی باوك، باوکێك لەشێوەی بەرپرسدا بەرجەستە دەبێت. لێرەدا باوك شتێکی تر نابینێت خودی خۆی نەبێت، خۆی وەکو باوکێکی رەها داکوتاوە. بەئەندازەیەك ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە گوایە منداڵی ئەون، ئیدی نایانبینێت، بگرە پارچە پارچەی کردوون. سەرجەمی رێبەر و پێشەوا عەرەبەکان باوکن، باوکێکی خراپ، خواوەندی بچووکن .

دەشێت لێرەدا بتوانین یەکێك لەڕەگەزە جەوهەرییەکانی شارستانیەتی عەرەبی بدۆزینەوە. بۆیە دەبێ بەتەواوی ئەو ئامادەبوونە سەرجەمگیرەی باوکسالاریی لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا هەڵبوەشێنینەوە.

پێدەچێ ئەم مەسەلەیە لەئەمریکادا جیاواز بێت، لەوێدا باوکایەتیی هەژموون، یان باوکایەتیی هێز، ئامادەیە. باوکایەتی یاخود باوکسالاریی ئەمریکی ئەو دەسەڵاتە رەهایەیە کە دەیەوێ رێبەریی سەرانسەری جیهان بکات.

ئەمە باوکایەتیی زاڵبوون و سەپاندنی دەسەڵاتە. کەچی باوکسالاریی سەرەتایی، بەو مانایەی لەدنیای عەرەبیدا هەیە، لەوێدا بوونی نییە. لەنێوجەرگەی کۆمەڵگەی ئەمریکیدا چەند پەیوەندییەکی تر بوونی هەیە. بەڵام سەرۆك/باوك وەك ئەوەی لەلای ئێمە هەیە، لەوێدا بوونی نییە. لەلای ئێمە سەرۆك خواوەندێکی بچووکە. بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە بەخواوەندێکی بچووك بۆ وڵاتانی دیکە. ئەمەیش سەبارەت بەئەمریکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ گیانی نیشتیمانپەروەری.

کەچی لەلای ئێمە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ گشتگەرایی یان توتالیتاری، دەگەڕێتەوە بۆ ستەمگەرییەکی کۆن، ئێجگار کۆن.

خەڵك و وڵات و سوپا و ئێستا و رابردوو، هەموو ئەمانە لەدەوری باوك/سەرۆکدا خول دەخۆن، سا ئەگەر گەل سەربکەوێت، ئەوا باوك سەرکەوتووە نەك میللەت، میللەت جگە لەوەسیلە شتێکی تر نییە. ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە باوك/سەرۆکە. بەبێ باوك سەرکەوتن بەدەست نایەت. لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەر شکستێك روویدا ئەوا سەرۆك لێی بەرپرس نییە. ئەمە بونیادی میللەتی عەرەبییە. ئەمە لەبەرئەوەی ئەو کۆمەڵگایە بەدرێژایی مێژووی خۆی سیستمی دیموکراتیی نەناسیوە. جیهانی عەرەبی جیهانی پەتریارکییە، هاوڵاتییان بەهای خۆیان بەپێی پەیوەندییان بە رابەر "باوك" و بەپێی ملکەچییان بۆی، وەردەگرن.

دەتوانن پەیوەندیی مرۆڤ بەخوداوە بەراورد بکەن بەپەیوەندیی نیشتمان بەخودا، ئەوسا بەئاسانی و بەڕوونی دەگەنە تێگەیشتنی پەیوەندیی هاوڵاتییان بەو پیاوەی فەرمانڕەواییان دەکات.

لەهەموو حاڵەتەکەدا ملکەچی هەمان ملکەچییە. ئەمڕۆ خێزان لەناوەوە هەڵدەوەشێتەوە و دادەڕمێت، سەرەتای ئەم داڕمانە ناوەکییە بەنیشانەیەکی هاندەر دەژمێردرێت بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگایەك کە هەر دەبێ لەناوەوە هەڵبوەشێتەوە، تا سێبەرەکانی باوکایەتیی کۆن تێپەڕێنێت. ئەمە ئامانجێکی بنەڕەتییە لەئامانجەکانی پێشکەوتن و پەرەسەندن. ئەمە دەبێتە مایەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی. بەڵام خۆرئاواییەکان بەشێوەیەکی گشتی و لەرابردوویەکی نزیکدا و تەنانەت لەپاش قۆناغی داگیرکاریش، بەهیچ شێوەیەك لەتەك دیموکراتیخوازە عەرەبەکاندا نەوەستان. بەڵکو فەندەمێنتالیستو دوژمنانی دیموکراسی و

دیكتاتۆرەكانیان پێ باشتر بوو. ئەوان پشتگیریی تایفەگەرایی و دابەشبوونیان دەكرد. ئەمە هەمیشە شتێكی گونجاو بوو بۆ بیانییەكان. پاشكەوتوویی وڵاتانی ئێمە لەقازانجی پەرەسەندنی خۆرئاوادا بووە.

ئەمە بۆ خۆرئاوا مەسەلەیەكی گەلێك ئاسان بوو. بەم چەشنە تەنگژەكە گەورەتر بوو و هیچ رۆژێ چارەسەری بۆ دانەنرا. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە وڵاتە عەرەبییە دیموكراتی و عەلمانی و پێشكەتنخوازەكان لەتەك بەرژەوەندیی هەندێ لەخۆرئاواییەكاندا نەبوون، بەتایبەتی ئەوانەی مەیلێكی ئیمپریالیستییان هەیە، لێرەدا هەموو پەیوەندییەكان دەگۆڕێن، سروشتی پەیوەندییەكانی نێوان ئەو دوو چەشنە كۆمەڵگەیە دەگۆڕێت كە چیدی لایەنێك بەسەر ئەوی دیكەدا زاڵ نابێت.

سەبارەت بەوڵاتە عەرەبییەكان، ئەگەر بەشێوەیەكی رێژەیی قسە بكەین، ئەوە میسر باشترین كۆمەڵگەیە. میسر وڵاتێكە نەریتی دەوڵەتێكی زۆر كۆن و دێرینی پاراستووە، دیسان پەراوێزێكی لەدیموكراسی پاراستووە. بەڵام لوبنان وڵاتێكی تەواو تایفەگەراییە. دەوڵەتێك لەسەر بنەمای تایەفی دامەزرابێت دەوڵەت نییە، بەڵكو كۆمەڵە هۆزێكە. لە لوبناندا دەستور بەپێی ئینتیمای تایەفی پۆلێنت دەكات، ئەمەیش خراپترین شتە.

بوونەوەری مرۆیی بەوپێیەی لەخودی خۆیدا بونەوەرێكی مرۆییە، لەلوبناندا دانی پێدا نانرێت. ئەگەر تۆ مەسیحی بیت ئەوا هەرگیز كارێكی وات دەست ناكەوێت كەموسڵمانێك دەستی دەكەوێت. چونكە لە لوبناندا هاوڵاتی لەمیانی تایفەكەیدا دیاری دەكرێت نەك لەمیانی كولتور و رۆشنبیرییەكەی، باشە مانای چییە مرۆڤێك لەدەرەوەی تایەفەكەی یان عەشیرەتەكەیدا بەهایەكی وجودیی نەبێت. ئەو دیموكراسییە فریودەرەش كە لە لوبناندا هەیە، ئەوە لەپێناوی دابەشكردنی پەنیرەكەیە لەنێوان خۆیاندا. لەكاتی دابەشكردنی پەنیرەكەشدا هەمیشە كەسانێك دەردەكەون تا پێت بڵێن: ئەم بەشەیان بۆ تۆ، بەشەكەی تریان بۆ من. لێرەدا هاوڵاتی لوبنان بەمانای وشەی هاوڵاتی بوونی نییە. ئەگەر هاوڵاتییەكی لوبنانی بیت ئەوا دەبێ بەر لەهەر شتێك یان مەسیحی بیت یاخود موسڵمان، ئەمەیش لەڕاستیدا لەبەهای رۆشنبیری و مرۆڤ دادەگرێت.

سەبارەت بەمۆدێرنە لە لوبناندا، لەوێدا مۆدێرنەیەكی رووكەش ئامادەیە، لوبنان وەكو هەر وڵاتێكی تری عەرەبی دەوڵەتێكی ئاینییە. ئیسرائیلیش لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێوچان پشتگیریی ئاین دەكات، ئایین نەك وەك ئەزموونێكی رۆحی، كە ئێمە لاریمان لەمە نییە، بەڵكو وەك دامەزراو و وەك یاسایەك پشتگیریی لێدەكات.

ئەمەیش یەکێك لەئاستەنگە هەرە گەورەکان پێکدەهێنێت کە چارەسەرکردنی ئێجگار سەختو دژوارە، مەبەستم ئەو ئاستەنگە جیهانیەیە کە لەفەندەمێنتالیزمدا خۆی دەنوێنێت. هەروەها گشت ئەو فەندەمێنتالیزمانەی هەڵگری تایبەتمەندییەکن دژی پێکەوە گونجانن لەم هەسارەیەی ئێمەداو، هەروەها دژی پێکەوە ژیانی برایانەی مرۆڤایەتین.

لەواقیعدا سیاسەتی خۆرئاوایی سیاسەتێکی گونجاوە بۆ فەندەمێنتالیزم، چونکە ئەو سیاسەتە زۆر باش دەزانێت فەندەمێنتالیزم چیی لەخۆرئاوا دەوێت، دانوستانیش لەگەڵ فەندەمێنتالیزمدا زۆر ئاسانە، ئەم دانوستانە سوودی بۆ سیاسەتی ناوخۆی خۆرئاوایی هەیە، بەتایبەتی لەمەسەلەی کۆچبەریدا.

من پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە خۆرئاواییەك دەیەوێت کەسێکی ستەمکار یان تاریکخوازێکی عەرەبی لەبەرامبەر خۆیدا ببینێت، بەڵام لەبەرامبەر کەسێکی دیموکراتخوازی وەکو خۆی دوچاری شڵەژان دەبێ، دیسان لەبەرامبەر فیکرێکی کراوەی وەك فیکرەکەی خۆی و، لەبەرامبەر دیالۆگخوازێك لەئاستی ئەودا، دەشڵەژێت. خۆرئاواییەك حەز دەکات لەعەرەبدا کەسانی پاشکۆ ببینێت، کەسانێك کە دەبێ شوێن پێی هەنگاوەکانی ئەو هەڵبگرن. بەڵام کاتێك کەسێك بتوانێت دیالۆگی لەگەڵدا بکات یان پێشی بکەوێت، ئەوسا بێزار دەبێت. لێرەدا چەندین تاکە کەسی عەرەب هەن لەهەموو ئاستەکاندا بەچەندین هەنگاو پێش ژمارەیەك خۆرئاوایی کەوتوون، ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە و نموونەیش زۆرە.

کەواتە ئەوەی ئێمە لەخۆرئاوامان دەوێت، درێژکردنی دەستی یارمەتییە، هەروەها پشتیوانیکردنی دیموکراسیخوازو عەلمانییە عەرەبەکانە. خۆرئاوای کراوە هەرگیز بەشدای ناکات لەخولقاندنی کۆمەڵگایەکی کراوەی تایبەت بەخۆمان. بەڵام، لەئاستێکی دیاریکراودا، یارمەتیی فەندەمێنتالیستەکان دەدات، وەك بڵێی بیەوێ کۆمەڵگەی عەرەبی لەنێو دواکەوتوویی و تاریکیدا بمێنێتەوە و، بیەوێ دنیای عەرەبی لەدەرەوەی مێژوودا بۆگەن بکات.

لەکۆمەڵگاکانی ئێمەدا هەموو شتێك پێویستیی بەگۆڕانکارییە، ئێمە لەکۆمەڵگایەکدا دەژین دەبێ لەهەموو ئاستەکاندا لەئەلیفەوە تا یائی بگۆڕدرێت. من بەتەواوی ئەمە دەخەمە شوێنی گەڕان و پرسیارکردنەوە. بەڵام هیچیشم نییە جگە لەدۆستایەتی و خۆشەویستی. کەواتە لێرەدا چەندین کاری گەورە هەن دەبێ دەستیان پێ بکرێت، بەمەرجێك هەریەکێ لەئێمە ئازاد بێ لەبینینی بۆ شتەکان و لەهەڵسوکەوتیدا بەپێی شێوازەکانی گوزارشتکردن و بەپێی ئەو شتانەی بایەخیان پێدەدات.

بـــۆئەوەی باشـــتر لەمە تێـــبگەین، دەبـــێ لەم گۆشـــەیەوە ســـەیری بکەیـــن، مـــن لەکۆمەڵگایەکـدا دەژیـم پێویسـتە سـەرلەنوێ و بەتەواوی بنیـات بنـرێتەوە، کۆمەڵگـایەك سیاســـەت و رۆشـــنبیرییەکەی دەخەمە ژێـــر پرســـیارو گەڕان و تـــوێژینەوەوە. کۆمەڵگایەك هیچی دی تیا نابینم شایستەی ئەوە بێت داکۆکیی لێبکەم.

مـن لەکۆمەڵگایەکـدا دەژیـم وەك بڵێـی لەڕووی کـۆمەڵایەتی و سیاسـییەوە لەپـلەی سـفردا دەژیـم. پـلەی سـفر بەو مانـایەی هەمـوو شـتێك تیایـدا پێویسـتیی بەسـەرلەنوێ دەسنیشـانکردنو سـەرلەنوێ پیـاچوونەوە و سـەرلەنوێ کـارکردن هەیە. ئەمە هەر هەمـان ئەو هەڵوێسـتەیە کە لە باکگراونـدی شـیعری منـدا پەنهـانە، ئەوەی کە روانینـی شـیعریم ئاراسـتە دەکـات و ئیلهـامی پێدەبەخشـێت، ئەو روانیـنە شـیعرییەی کە بەتەنهـا روانینێکی ئەدەبیو زمانەوانی نییە.

ئەوەی کە لێـرەدا جێـی بـایەخە، دەبـێ قەسـیدە جەوهەری بێـت، قەسـیدەیش جەوهەری نابێـــت تەنهـــا ئەگەر بەشـــداری بکـــات لەخوڵقانـــدنی کۆمەڵگـــا و، خوڵقانـــدنی شارستانیەتێکی مەزن و رۆشنبیرییەکی باڵا.

شـاعیر ئەو هونەرمەنـدەیە وەك کردارێـك، کـرداری ژیـان، تەماشـای هـونەر دەکـات. لێـرەدا شـیعری زینـدوو بـوونی نابێـت تەنهـا ئەگەر قەسـیدەیەکی نـوێ دابهێنـین. ئەگەر شـیعر تـازە نەبێـتەوە ئەوە شـیعرێکی مـردووە، بەزمـانێکی مـردوو دەنوسـرێت، هـیچ پەیوەستێکی بەئاخاوتن و بەزمانێکی زیندووی جوڵێنەر نابێت.

ئەرکـی هەرە بەپەلە بـریتییە لەوەی، لەشـیعری مەزن و قووڵـدا کـۆمەڵگەیەکی نـوێ و رۆشـنبیرییکی نـوێ و کۆمەڵێـك پەیوەنـدیی نـوێ لەگەڵ ئەویـدی بخـوڵقێنین. هەر ئەم ئەرکەیشـە کە دەبێـتە ئیلهامبەخشـی شـیعری مـن، ئەم ئەرکە لەنـاوەوەی منـدا، وەکـو نووسـەرێك، نیشـتەجێیە، مـن زۆر بەسـادەیی هەوڵـدەدەم دۆسـتایەتی و خۆشەویسـتی بخـوڵقێنم، هەوڵـدەدەم دنیـایەکی جـوان و نـوێ بخـوڵقێنم. لەئاسـتی جیهانیـدا، ریسـواییەکی گەورەیە بهێڵـرێ منـداڵان بمـرن، لەئاسـتی عەرەبیشـدا ریسـواییەکی گەورەیە بهێڵـرێ کەسـێکی سـوکو چـروك وڵاتێـك بەڕێوەببـات نـاوی عێـراقە. شـەرمەزارییە بـۆ عەرەب لەنێویانـدا زەعیمێکـی لەو ئاسـتە هەبێـت. سـەدام هەزاران کەسـی ئۆپۆزیسـیۆنو نەیـاری کوشـت، بـۆ تەنهـا رۆژێکـیش لەکوشـتن نەوەسـتا. گومـانی لەهەر کەسـێ هەبـوایە بەبـێ هـیچ بەڵـگەیەك، دەیکوشـت. یەکسـەرو دەمودەسـت دەیکوشـت. بـۆیە لەمێـژە دەسـەڵاتی کوشـتووە. بەڕاسـتی ئەمەیە دۆزەخ. هەمـوو ئەم شـتانەیش بـوونە مـایەی هەڵگیرسـانی جەنگ و ئەو بارودۆخە شێواوەی ئەمڕۆ دەیبینین.

کەواتە، ئەگەر پتر بچینە قوڵاییەوە، شتێك نەماوەتەوە جگە لەشیعر. بەشیعر دەبزوێین و تەنها شیعر توانای جوڵانی هەیە. لەنێوەندی کێڵگەی پیتەکان و وێنەکاندا دەجوڵێینەوە، بەقووڵی وێنەکان و شوێنگەی خەیاڵ دەکێڵین، چونکە هەر ئەوەندە بمانەوێ واقیع بکێڵین ئیدی رۆحمان دەردەهێنن و رەگوریشەمان دەردەکێشن. بۆ نموونە ئەگەر تۆ شتێك لەدژی واقیعی دیکتاتۆری ئەنجام بدەیت، ئەوا بەتەنها خۆت ناکوژرێیت، بەڵکو منداڵەکانت و خوشك و براکانیشت دەکوژرێن، ئیدی خۆت و بنەماڵەکەت وەکو کەسانی چەپەڵ و نابوت مامەڵەتان لەگەڵدا دەکرێت. بەرای زۆرداری ستەمکار دەبێ کۆمەڵگە لەو کەسانە پاك بکرێتەوە کە رەخنەی ئاراستە دەکەن، دەبێ میللەت پاکژ بکرێت و کەسانی بەد و ناشایستە لەناوببرێن. لەراستیدا ئەو کەسانەیش ئەوانەن کە بە باوکە خراپەکەیان وت (نا).

راستە لێرەدا هەندێ گۆرانکاری لەرووکاردا هەیە، بەڵام هیچ گۆرانکارییەك لەقووڵاییدا بوونی نییە.

لەسەرەتای کۆمەڵگای ئیسلامییەوە، ئایین، پشتگیریی لەدەسەڵات و بێجوڵەیی کردووە، هەر خێرا ئیسلام بونیادە ئەسڵییەکانی پتەو کرد، لەبریی ئەوەی بڵێ "هۆز" بانگەشەی "ئوممە"ی کرد. هەر لەسەدە کۆنەکانیشەوە ئەو هەژموونە باوکسالارییە لەمیسر و ئاشور و لەسەرجەم ناوچە عەرەبییەکاندا چەسپیوە.

ئەم جیهانە، لەراستیدا، جیهانی من نییە، جیهانی من جیهانی بینینی منە بۆ ژیان، ئەمە دونیایەکی ترە تەواو جیاوازە.

ئەگەر بچینە نێو مێژووەوە، دەبینین عەرەب کۆمەڵگایەکیان بنیان ناوە نوقمی ناو جەنگە بەردەوامەکان بووە، بەدرێژایی نزیکەی شازدە سەدە ئاگری جەنگ لەنێو عەرەب یان لەنێو موسڵماندا نەکوژاوەتەوە و تا ئەمرۆیش بەردەوامە، نەك تەنها لەنێوان عەرەبو بیانیدا، بەڵکو لەنێوان عەرەبەکان خۆیشیاندا. وەك بڵێی هێزو توانای عەرەب بەدرێژایی شازدە سەدە لەناکۆکی و ململانێ ناوخۆییەکاندا پەرت و خەسار بووە.

هۆی ئەمە چییە؟ ئەمە لەراستیدا باوکسالارییەکی لەرادەبەدەری پڕ لەجەور و ستەمە کە بەم شێوەیە بیردەکاتەوە: "من دان بەئەویدی نانێم، هەر کەسێك جیاواز بێت لەمن، دانی پیادا نانێم، دەبێ هەر هەموویان ئەو وشانە بڵێنەوە کە لەزاری من دێنە دەرێ، دەبێ هەموویان ملکەچی من بن، ئەگەر وا نەبن ئەوا دەبێ یان دوور بخرێنەوە یان زیندانی بکرێن."

بەدرێژایــی مێــژووی ئــێمە کۆمەڵێــك زۆردار لەهەمــوو چەشــن و ڕەنگێــك دەســەڵاتیان بەدەســتەوە بــووە. لەمێــژووی ئــێمەدا هەرگیــز دەنگــدانی گشــتی یــان هەڵبژاردنــی دیموکراســی ئەنجــام نەدراوە. هەمیشــە نــوقمی نــاو زۆنگــاوی حــوکمێکی ڕەهــا بــووین، هۆکارەکەیشـــی دەگەڕێـــتەوە بـــۆئەوەی کە ئـــایین لەلای ئـــێمەدا پەیوەســـتێکی بەتینـــی بەسیاســەتەوە هەیە. ســا ئەگەر ئــایینی لەدونیــایی یــان مەدەنــی لەدینــی جیــانەکرێنەوە، ئەوا هیچ ڕۆژێ لەبەروبومی دیموکراسی ناچنینەوە.

بەشی سێیەم

## سیاسەت

ناتوانم بەرژێمێکی سیاسییەوە پەیوەست بم، ئەمە لەبەرئەوەی رژێمێکی سیاسی سەبارەت بە من بەشێك لەواقیع پێکدەهێنێت، کەچی سروشتی رژێمە سیاسییەکان لەلای ئێمەدا دژی واقیعە. بگرە ئەم واقیعە، لەلای ئێمەی عەرەب، بەمسۆگەری بەشێك لەرژێم پێکدەهێنێت. رژێمی سیاسی لەلای ئێمە لەخودایەك دەچێ لەسەر زەوی. ئەمەیش هەموو پەیوەستو هەموو پەیوەندییەکانی رژێم بەخەڵکەوە دەشێوێنێت. لەرژێمی ستەمگەریدا لێت دەپرسن: ئایا تۆ لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای رژێمدایت یان نا؟

ئەگەر لەگەڵ رژێمدا نەبیت ئەوا چارەنووست پەراوێزکردنە، مافی ئەوەیشت نابێت کارێکت لەناو ئەو رژێمەدا دەست بکەوێت. ئەمە رێسایەکی گشتی و رێسایەکی باوی سەرانسەری جیهانی عەرەبییە، جگە لەوڵاتی میسر، ئەویش لەوانەیە، کەمێك جیاواز بێت.

تەنانەت ئەو کەسانەیش کە پۆستێکی خوێندنیان بۆ ئەمریکا یان ئەوروپا بۆ دەردەچێت، ئەوا پێوەری سەرەکیی هەڵبژاردنیان بۆ ئەو پۆستە ناگەڕێتەوە بۆ ژیرییان، دیسان لەبەرئەوەش نییە کە شایستەی ناردنە دەرەوەن و پەیوەندیی بە ئەنجام و پلەی خوێندنیشیانەوە نییە، بەڵکو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییان بەرژێمی فەرمانڕەواوە.

سا ئەگەر لەدژی رژێم بن، ئەوا بەمسۆگەری لەو پۆستە بێبەش دەکرێن.

رژێمی سیاسیی عەرەبی لەهۆزگەرایی و خێڵایەتیدا رەگو ریشەی هەیە، بەڵام ئەم رژێمە چەندین دروشمی هەڵگرتووە، وەکو: ناسیونالیزم، سۆشیالیزم، ئازادی و نازانم چیی تریش. ئەمە لەڕاستیدا لایەنی پراکتیکیی بارودۆخی سیاسیی وڵاتانی عەرەبییە.

سەرجەم ئایینەکان ئافرەت دەخەنە سەنگەری خراپەکارییەوە، ئافرەت هەمیشە لەلایەنی خراپەدا بووە، کەچی پیاو بەردەوام لەلایەنی خێر و چاکەدا بووە، من نازانم چۆن دەشێت ئەم خراپەکارییە ئەو خێرو چاکەیە بەرهەم بهێنێت. بەڕاستی ئەمە ئەقڵیەتێکی پێکەنینهێنەرە.

ئــافرەت ئەو گــرێیەیە پێکهاتەکــانی کــۆمەڵگە پــێکەوە گــرێ دەدات، بەڵام پیــاو، تەنــانەت لەکــۆمەڵگە نوێیەکانیشــدا، داگیــرکەری زەویــیە بەپیتەکــانە، پیــاو نــاوکی کــۆمەڵگە (واتە ژن) داگیــر دەکــات، پیــاو "قەڵای کــۆمەڵگە" داگیــر دەکــات. کاتێــك پیــاو بیردەکــاتەوە، وەك ئەوە بیردەکـــــاتەوە کە پاشـــــایە، وەك ئەوەی کەســـــێکی داگیرکـــــارە، هەمـــــووان دەست و پێوەندی ئەون، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئافرەت.

ئەمە رێـــك بیرکـــردنەوەو ئەقڵیەتـــی ســـەدەکانی ناوەڕاســـتە، ئەمە ئەقڵـــێکە بەتەواوی رووت و قـــــووتە، لەگەڵ ئەوەشـــــدا شـــــاردراوەیە، بەڵام لەجەوهەردا هەر هەمـــــان ئەقڵـــیەتە، بگـــرە ئەمـــڕۆ بـــووە بەئەقڵیەتێکـــی دڵڕەقتـــرو ســـەختتر، چـــونکە لەم قۆنـــاغی گەشەســـەندنی رۆشـــنبیری و ئـــابووری و کـــۆمەڵایەتییەدا، دامـــاڵینی مـــرۆڤ لەمافەکـــانی، شێوەیەکی توندوتیژتری لەخۆگرتووە، بگرە لەجاران وێران ترە.

ئەو شـــتەی کە بەخـــتەوەری دەوروژێنێـــت، بینینـــی ئـــافرەتێکە لەســـلکی پۆلیســـدا، یـــان بینینـــی ئافرەتێـــك ئەنـــدامی پەرلەمـــانە، بەڵام هەمـــوو ئەمـــانە لەواقیعـــدا و لەباشـــترین حاڵەتدا لەپێناو شاردنەوەی نەداریی ئافرەتە لەکۆمەڵگەی نوێدا.

لەبەرئەوەی خەڵکـــی لەکـــۆمەڵگەیەکی زۆر داخـــراودا دەژیـــن، خۆیشـــیان بـــوون بەکەســـانی داخـــراو. لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگەیەکـــدا دەژیـــن خـــاڵییە لەرۆشـــنبیری، خۆیشـــیان بـــوون بەئـــامێر و شـــتەکان. ئەمـــانە لەم چەشـــنە کـــۆمەڵگەیەدا دەبـــن بە (شـــت)، یـــان ئەگەر چانســـی ژیانیـــان لەوڵاتێکـــی دیموکراتیـــدا بـــۆ بڕەخســـێت، ئەوا کـــۆمەڵگەکەی خۆیان جێدەهێڵن.

کـــۆمەڵگەی زینـــدوو دەبـــێ کـــۆمەڵگەیەکی دیموکراســـی بێـــت، واتە کـــۆمەڵگەیەکی فرەیـــی–پلورالیســـتی بێـــت، بەچەشـــنێك کە (جیـــاوازی) بەشـــێکی تەواوکەر لەکـــۆمەڵگەدا پێکبهێنێت.

بەبـــێ بـــوونی دیموکراســـی و جیـــاوازی، هـــیچ کـــۆمەڵگەیەك نابێـــت بەکـــۆمەڵگەی راســـتەقینە. هەمـــوو ئەوەی دەتـــوانین لەبـــارەی کـــۆمەڵگەی عەرەبیـــیەوە بیڵێـــین، ئەوەیە کە هەوڵدەدات یان خوازیارە ببێت بەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و فرەیی.

# بەشی چوارەم

## ئاشتی

من لەتەك ئاشتییەكی دادپەروەرانەو هەمیشەییدا دەوەستم.

پەنجا ساڵە لەجەنگدابین! ئیدی ئەمە بەسە. هەر لەساڵی 1948ەوە ئاگری جەنگ نەكوژاوەتەوە. لێرەدا ژمارەیەك ئیسرائیلی هەن لەگەڵ ئاشتیدانو، لایەنگری بەخشینی مافی فەلەستینییەكانن. بەڵام سیاسەتی ئیسرائیلی سیاسەتێكی دوژمنكارانەیە، چەك بەتوندڕەوەكان دەدات بۆئەوەی پەلاماری ئەو كەسانە بدەن كە حەز دەكەن ئاشتی بەرقەرار بێت.

من هەمیشە دەڵێم: بەهیچ جۆرێك گەلان خراپ نین، بەڵام لێرەدا تاكەكەسی خراپ هەن. كەواتە دەبێ جیاوازی بكەین لەنێوان عەرەب و رژێمە عەرەبییەكان، لەنێوان جولەكەی ئیسرائیلو رژێمە ئیسرائیلییەكان. بەڵام بەداخەوە بارودۆخی ئەمڕۆی شەڕ و ململانێ هاندەری پێشكەوتنی پرۆسەی ئاشتی نییە. بەردەوام لەهەردوو لادا كەسانی توندڕەو هەن. بەداخەوە ئەمەیە بارودۆخەكە.

لای ئێمە قسەیەكی نەستەق هەیە دەڵێت: پیاوێكی حەكیم و دانا هەبوو حەزی دەكرد بەدوای راستیدا بگەڕێت، رۆژێكیان لەسەفەرێكیدا گەڕایەوە، بینی خەڵكی گوندەكەی سەرلەبەریان گۆڕاون، كاتێك لەگەڵ خەڵكی گوندەكەدا لەبارەی ئەو گۆڕانە قسەی كرد، پەلاماریان داو بەشێت تاوانباریان كرد، دواتر تێگەیشت لێرەدا رووبارێك هەیە هەركەسێ لەئاوی ئەو رووبارە بخواتەوە ئەقڵی لەدەست دەدات، سەرجەمی خەڵكی گوندەكەش لەئاوی ئەو رووبارەیان خواردبووەوە كە بە رووباری شێتی ناودەبرێت. بەوجۆرە حوكمی شێتی بەسەر ئەو پیاوە حەكیمەدا درا، چونكە تەنها حەكیمێك بوو لەنێویاندا، ئیدی ئەویش ناچاربوو لەئاوی رووبارەكە بخواتەوە تا ببێت بەیەكێك لەوان. بەوشێوەیە ئێمە هەموومان سەركێشیی ئەوە دەكەین ببین بەبەشێك لەو شێتیە رەهایە.

## بەشی پێنجەم

# عەرەبو خۆرئاوا

بێگومـــان نابێـــت خۆرئـــاوا هەمـــوو شـــتەکان تەعمـــیم بکـــات و بڵـــێ عەرەب نەزان و ســـــتەمکارن و دژی خۆرئـــــاوان، نابێـــــت بڵـــــێ عەرەب هەموویـــــان تیرۆریســـــتن. بەپـــێچەوانەوە، لێـــرەدا، لەنێـــو عەرەبەکانـــدا، کەســـانێکی جیـــاواز هەن کە دانـــایی و لەخۆبـــــوردویی بەرجەســـــتە دەکەن. نابێـــــت وا بزانرێـــــت هەمـــــوو موســـــڵمانان فەندەمێنتالیســـتن، یـــان هەمـــوو مـــیللەت ســـەر بەرژێمـــن. واتە نابێـــت هاوشوناســـی (مُماهـــاة)ی نێـوان موسـڵمانو فەندەمێنتالیسـت بکرێـت. ئەمە پەیوەنـدیی بەئایـدیۆلۆژیا و بەسیاســەتەوە هەیە، کە ئەمەیــان کــاری موســڵمان نیــیە، شــوێنی موســڵمان ئیمــانە. دەبــێ رێز لەئیمانی سەرجەمی بەشەر بگیرێت.

مـــن خـــۆم، وەك شـــاعیرێك، دژی ئـــایین دەوەســـتم ئەگەر وەکـــو دامەزراوێکـــی ســـەپێنراو بەســـــەر هەمـــــوو تاکەکـــــانی کـــــۆمەڵگەدا دەربکەوێـــــت. بەڵام دژی مرۆڤێـــــك نـــــیم کە بەســـیفەتی تـــاکەکەس هەڵگـــری بـــاوەڕێکی ئـــاینییە. مـــن رێزێکـــی گەورەی ئەو مـــرۆڤە و بـــاوەڕە ئـــایینیەکەی دەگـــرم، بەمەرجێـــك ئەو بـــاوەڕە نەبێـــت بەیاســـایەکی گشـــتی، چـــونکە پێویســـتە کـــۆمەڵگە کـــۆمەڵگەیەکی مەدەنـــی بێـــتو کـــۆمەڵ یاســـای مەدەنـــی حـــوکمی بکات و رێز لەفرە رەنگی و جیاوازی و فرەیی بگرێت.

لەراســـتیدا بـــاوەڕی ئـــایینی مەســـەلەیەکی تاکەکەســـییە. مەســـەلەیەکی زۆر تـــایبەتییە. هەمــوو تاکێــك ئــازادە لەوەی کە بــاوەڕێکی ئــاینی هەبێــت، یــان نەیبێــت، دەشــێت بــاوەڕ بە "نادیار"یش بهێنرێت، بێئەوەی ئەو ئیماندارە بە "نادیار"، کەسێکی سۆفیگەر بێت.

ئـــــازادی چەمکـــــێکە لێوانلێـــــوە لەشـــــەبەنگەکانی جیـــــاوازی، کە دەبـــــێ بەوردبینییەکـــــی زۆرەوە موراعـــاتی ئەو جیـــاوازییە بکـــرێ. ســـەبارەت بەخۆیشـــم، دەڵـــێم مـــن سۆفیســـتێکی بێباوەڕم. سۆفیگەریی من لەسەر رێسایەك لەم رەگەزانەی خوارەوە دامەزراوە:

یەکەم: واقیـــــع گشـــــتییە، ئەوەی لەجیهانـــــدا دەردەکەوێ و ون دەبـــــێ، ئەو شـــــتەیە کە بەواقیع ناوی دەبەین.

دووەم: دیـــار یـــان رووکـــار گوزارشـــت لەحەقـــیقەت ناکـــات، بەڵام دەشـــێت گوزارشـــت لەلایەنـــی ســـەرەوە و کـــاتی و تێپەڕیـــوی حەقـــیقەت بکـــات. بـــۆ تەعبیرکـــردن لەواقیـــع دەبـــێ لایەنی نادیارو شاراوەیش ببینرێ.

سێیەم: حەقیقەت شتێك نییە پێشوەخت ئامادە کرابێت و هەمووان لەکتێبەوە فێری بن. بگرە حەقیقەت هەرگیز لەکتێبدا نییە، بەڵکو لەبوون و لەژیان و لەئەزموونندا هەیە، هەمیشە حەقیقەت چاوەڕێیە کەشف بکرێت. ئەمە مانای وایە جیهان هەرگیز شتێك نییە تەواو کرابێت، جیهان لەجەژنی دەرکەوتنێکی هەمیشەییدایە، لەتەجەللایەکی بەردەوامدایە. جیهان نوێکردنەوەیەکی پەیدەرپەیی وێنەکانە، نوێکردنەوەی پەیوەندییە بەوشەکان و بەشتەکان. خودی شوناس بریتییە لەخولّقاندن.

کاتێك جیهان دەنووسین، مانای ئەوە نییە وەکو خۆی وەسفی بکەین و خۆی چۆنە بەوشێوەیە تەعبیری لێبکەین. کە جیهان و بوون بنووسینەوە واتە چەند پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ وشەکان و لەگەڵ شتەکاندا بخولّقێنین.

دەشێت نووسین گوزارشت لەبوونەوەری مرۆیی یاخود لەبوون نەکات، کەواتە دەبێ جارێکی تر بیر لەو وشەیە بکەینەوە کە گوزارشتی پێدەکەین. نووسینی من تەعبیر لەخۆم ناکات، بەڵکو قسەم لەگەڵ دەکات و دەمدوێنێ، دەمکات بەبوونەوەرێکی کامڵ و تەواو. نووسینی من گوزارشت لەخۆم ناکات، چونکە وشەیەك هەرگیز ناتوانێت تەعبیر لەشتێك بکات، ئیتر چۆن دەتوانێت تەعبیر لەبوونەوەری مرۆیی بکات؟ وشە تەعبیر لەڕواڵەت دەکات، تەنها رواڵەت. ئەمە فۆرمێکە بەبێ ناوەڕۆك.

بەڵام نووسینی من، بەردەوامیی بوونی منە. کەسێکی دیکەی منە، یان ئەویدیکەی منە، ئەو ئاراستەیەیە جارێکی تر پەیوەندی بەنادیارەوە دەکات. لەم ئاستەدا هەموو جیهان یەکە، خۆرئاوا و خۆرهەڵات لەیەکدی جیانەکراونەتەوە. ئەمە ئەو سۆفیگەرییە کە باوەڕم پێیەتی. ئالێرەدایە من ئەبم بەسۆفیست. بوونەوەر یەکە. مەعریفە و زانست و فەلسەفەش بریتین لەیەکەیەکی نەپچڕاو.

خۆرهەڵات لەرابردوودا کانگەی رۆشنایی بوو، پاشان لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاینە یەکتاپەرستییەکان و لەمیانی پرۆسەکانیاندا، خۆرهەڵات بوو بەکانگەی تاریکی و توندوتیژی.

بەم مانایە، خۆرئاوای یەهودی–مەسیحی شتێك نییە جگە لەفۆرمێك بۆ خۆرهەڵات، فۆرمێکی رازاوەو قەشەنگ بەئەدەبیاتێکی پڕ لە لێکبوردن. بەڵام ئەو کەسانەی وا راهاتبوون کە لەخۆرهەڵات، خۆرهەڵاتێکی ئیلهامبەخش، خۆرهەڵاتێکی داهێنەر ببینن، ئەوانەی وا راهاتبوون رووناکی تیا ببینن، بۆ نموونە کەسانی وەکو هۆڵدەرلین و نۆڤالیس و گۆتە و رامبۆ و نێرڤاڵا، ئەمانە لەراستیدا خۆرئاوا نانوێنن، چونکە روانینی ئەمان بۆ شاعیری مەزن لەخۆرئاوادا، لەجەوهەردا شتێکی قبوڵکراو

نەبوو. لەڕاستیدا خۆرئاوای سیاسی، بەناچیزەییەکی زۆرەوە، تەماحە ئابووری و ستراتیژییەکانی لەهەموو شت پێ باشتر بوو.

پێویستە ئەوە بەبیر بێنینەوە کە خۆرئاوا، هەر لەقۆناغی ئیمپریالیزمی عوسمانی کەبەڕاستی دەسەڵاتێکی تاریکخواز بوو، بڕیاری دا وەڵامی گوتاری ئیسلامی بداتەوە. عوسمانییەکان لەبارەی خۆرئاواییەکانەوە دەیانووت ئەوانە پاشکەوتوون. لەپاش رووخانی عوسمانییەکان خۆرئاواییەکان هەمان رۆڵیان بینی، ئەمانیش هەمان وتەکانی ئەوانیان بەکار دەهێنا و دەیانوت: موسڵمانان پاشکەوتوو و بەربەرین، بەڵام ئێمەی خۆرئاوایی کەسانی شارستانیین و مرۆڤدۆستین.

ئیدی لەوساوە خۆرهەڵاتیش بوو بە پاشکەوتوو، سا ئەگەر خۆرهەڵات شتێکی بەنرخ و بەقیمەتی هەبێت ئەوا لەخۆرئاواوە بۆی هاتووە، ئیدی خۆرئاوا بوو بەمامۆستای خۆرهەڵات، کە پێشتر، بەپێچەوانەوە، خۆرهەڵات مامۆستای خۆرئاوا بوو.

ئەمە جگە لەئاڵوگۆڕی دەورەکان شتێکی تر نەبوو.

لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیی ئەورووپادا، خۆرئاوایش بەدەوری خۆی بوو بەئیمپریالیست، خۆرهەڵاتیش بوو بەکۆلونیالی و داگیرکراو. لەوساوە لەپرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن خۆرئاواوە، هیچ شتێك گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە لەرووکاردا نەبێت. لەوانەیە خۆرئاوا لەوکاتەدا ویستبێتی خۆرهەڵات بکوژێت و بەپەتێکی ئاسنین بیخنکێنێ، ئەمڕۆش دەیەوێ بەپەتی ئاوریشم بیخنکێنێ، ئەگەرچی گەمارۆ و جەنگی سەر عێراق هیچ شتێکیان لەنەرمیی ئاوریشم تێدا نەبوو. باشە پەتی ئاوریشم یانی چی؟ یانی خۆرئاوا سەربەخۆییەکی رووکەش و رژێمی ئازادی رووکەش بۆ خۆرهەڵات جێبهێڵێت، بەڵام لەڕاستیدا خۆرئاوا خۆی هەموو شتەکان بەڕێوەدەبات.

کاتێك باسی خۆرئاوا دەکەم، مەبەستم خۆرئاوای ئابوری و سەربازییە، کاتێکیش باسی شیعر و هونەر و فەلسەفە و داهێنان دەکەم، لەوێدا سنورەکانی نێوان ئەوەی بەخۆرهەڵات و خۆرئاوا ناودەبرێت، نامێنن. ئەمە ئەگەر رۆژێك لەرۆژان ئەو سنورانە هەبووبن.

ئێمە پرسیاری ئەوە دەکەین مانای چییە رامبۆ خۆرئاوایی بێت یان خۆرهەڵاتی؟ لەڕاستیدا داهێنانە مەزنەکانی دنیا، وەك داستانی گلگامێشی سۆمەری و گلگامێشی بابلی و شارستانیەتی میسری و شارستانیەتی گریکی، داهێنەرە مەزنە دێرینەکان،

که لایەنــی گەشــی مێــژووی مرۆڤــایەتین، ئەمــانە نە خــۆرهەڵاتی بــوون نە خۆرئــاوایی، ئەمانە گەردوونی بوون، رۆڵە مەزنەکانی ئەم زەوییە ئیلهامبەخشەی ئێمە بوون.

ئەمــانە دەنگــی مەزنــی هەمــوو مرۆڤــایەتی بــوون کە هەمــوو کیشــوەر و ئۆقیانووســەکانی لەخــۆدەگرت. دەتــوانین لەگۆشــەی جــوگرافی و سیاســییەوە لەوە تێــبگەین کە لێــرەدا خــۆرهەڵات و خۆرئــاوا هەیە، بەڵام کاتێــك هەوڵــدەدەین لەمەرجــی بــوونەورەی مرۆیــی تێــبگەین، ئەگەر بمــانەوێ وێنەیەکــی مرۆڤدۆســتانە بەمــرۆڤ ببەخشــین و بگــرە رەهەنــدێکی گەردوونیــی بــدەینێ، ئەوســا ئەو دابەشــبوونەی نێــوان خــۆرهەڵات و خۆرئاوا پەرت دەبێ و نامێنێ.

ئەم دابەشــبوونە لەئیــرادەی ئیمپریــالیزمێکی کولتــووری و سیاســییەوە هەڵقــوڵاوە، پابەنــــدە بەئایــــدیۆلۆژیای خۆرئــــاوایی کە بەرژەوەنــــدییە چەشناوچەشــــنەو رەنگاورەنگەکــانی خۆرئــاوا پاڵپشــتی دەکەن، بــۆئەوەی خــۆرهەڵات هەر خــۆرهەڵات بێــت و فەزایەك بێــت بــۆ بەکــاربردن (ئیســتیهلاك). جەنــگ و پەیوەنــدییە ئاڵۆزەکــانی ئەمــڕۆ لەنێــوان جیهــانی عەرەبــی و خۆرئــاوادا بەشــێوەیەکی تــایبەتی، بۆشــایی قــووڵی نێــوان هەردوولا ئاشــکرا دەکــات، ئەو بۆشــاییە بەزۆری بۆشــاییەکی سیاســییە، لەم بوارەشدا ئیسرائیل رۆڵێکی ترسناك دەگێڕێت.

ئــاخۆ تایبەتمەنــدیی خۆرئــاوا لەپاڵپشــتیکردنی دابەشــبوونی خــۆرهەڵات–خۆرئــاوا چییــە؟ ئەگەر ئەم تایبەتمەنــدییە بریتــی بێــت لەتەکنیــك یــان تێکنۆلۆژیــا، ئەوا لێــرەدا ژمــارەیەك وڵاتــی خــۆرهەڵاتی هەن پــێش هەنــدێ لەوڵاتــانی ئەوروپــی کەوتــوون، ئاســتی تەکنیکیــی هەنــدێکیان دەگــاتە ئاســتی تێکنۆلۆژیــای ئەمریکــی، ئەمەیــش ئەوە دەســەلمێنێت کە تێکنۆلۆژیــا چیــدی پێوەرێــك نیــیە بــۆ جیــاکردنەوەی وڵاتێکــی خۆرئــاوایی لەوڵاتێکــی خۆرهەڵاتی.

ئەی کەواتە دیمــوکراتی دەبێــتە پێــوەری یەکــلاکەرەوە؟ بەڵام لێــرەدا چەنــد وڵاتێکــی خــۆرهەڵاتی هەن دیموکراســین، بــۆ نمــوونە ژاپــۆن وڵاتێکــی دیمــوکراتییە، هەروەهــا هیند، کەچی لەوڵاتە خۆرئاواییەکاندا ستەمکارییەکی زۆر دەبینین.

کەواتە، جــگە لەهێــزی ســەربازی و ئــابووری، و جــگە لەبــازاڕ، ئەم دابەشــکردنە پشــت بەچی دەبەستێت؟

کەس لاریــی لەو راســتییە نیــیە کاتێــك قســە لەبــارەی داهێنــانی هــونەر دەکرێــت، ئەوا خــۆرهەڵات لەباوەشــی کەلەپــوری خۆرئاواییــدا دەژی، نمــوونەیش زۆرە: دێلاکــروا،

رۆمـــانی غەزەلـــی، شـــیعری ترۆبـــادۆر، هـــونەری تەلارســـازیی رۆمـــانی، هـــونەری بیناسازیی گۆتی (القوطي)، رۆمانسیزم..

ئـــێمەیش فریـــو نـــاخۆین: هەرگیـــز گلۆبالیزەیشـــن ســـنورەکان رەت ناکـــاتەوە، ئەوەی قەرەبووی دابەشبوونی زۆرەملێی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەکات.

ســـا ئەگەر گلۆبالیزەیشـــن یەکێتیەکـــی نـــوێ لەنێـــوان خـــۆرهەڵات و خۆرئـــاوا بنوێنێـــت، ئەوە یەکێتییەکـــی ســـاختەیە، چـــونکە ئەمە یەکێتیـــیەکە لایەنـــی بەهێـــز و دەوڵەمەنـــد دەیسەپێنێت، ئەمە هەموو مەسەلەکەیە.

هەنـــدێ کەس وەك نیهلیســـتییەك لەمـــن دەڕوانـــن، چـــونکە هەمـــوو شـــتێك دەخەمە ژێـــر پرسیارەوە، تەنانەت مێژوویش.

بەڵام لێـــرەدا رۆشـــنبیرییەکی نـــوێ دەرکەوتـــووە، بەتـــایبەتی: وەرزش، کۆمپیـــوتەر، وێـــنەی جـــووڵاو (فیلمـــی کـــارتۆن)، فۆتـــۆ، وێنەگرتنـــی فۆتـــۆگرافی، ئینتەرنێـــت، ئەمـــانە بـــوون بەرگەزەکـــانی ئەو رۆشـــنبیرییە نـــوێیەی لەخۆرئـــاوادا ســـەریهەڵداوە. ئەمە جـــۆرێکە لەرۆشـــنبیری کە لەســـەرەتادا وا دەردەکەوێ شـــوێنێك نەمـــاوە بـــۆ روانینێکـــی مەزن. بەڵام، لەم واقـــیعە خێـــرا و تیـــژرەوەدا چـــۆن ئەدەبێکـــی مەزن لەدایـــك دەبێـــت؟ بەرلەوەی حوکم بدەین دەبێ هەڵوەستەیەك بکەین.

لەخۆرئـــاوادا شـــتێکی نـــوێ دەســـتی پێکـــردووە، واتە لەئەنـــدامانی جەســـتەدا جـــگە لەچـــاو و گـــوێ، شـــوێنێکی تـــر پێویســـت نیـــیە. بەشـــەکانی تـــر رۆڵیـــان تەواو بـــووە. چـــاو بـــۆ بینینـــی تەلەڤیزیـــۆن، گـــوێیش بـــۆ گـــوێگرتن لەمۆســـیقاو گـــۆرانی.. ئەو دەمارەیـــان بڕیـــوەتەوە کە پەیوەستە بەو کولتوورەی هۆیەکانی راگەیاندن بڵاوی دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەمەشـــدا دەشـــێت ئـــێمە لەبەردەم ژیـــارێکی نوێـــدا وەســـتا بـــین و کەچـــی شـــێوە مومکینەکـــانی ئەو ژیـــارە ناناسـین. ئەمـــڕۆ خەڵکـــی، بەتـــایبەتی گەنجـــان، تەنهـــا خۆیـــان بـــۆ خۆشـــی و کـــات بەســـەربردن خەریـــك کـــردوە، ئارەزویـــان لەخوێنـــدنەوە نەمـــاوە. لای ئەوان رۆمـــانێکی مەزن مانـــایەکی نیـــیە. ئەمەیە حـــاڵی ئەمـــڕۆی ئـــێمە. کەواتە، ئەمـــڕۆ، نووســـینی شـــیعر، بـــۆ ئەو کەســـانەی وازیـــان لەخوێنـــدنەوە هێنـــاوە، چ ســـودێکی هەیە. مـــومکینە ئەمـــڕۆ لەوە تێـــبگەین بـــۆچی شـــیعر لەخۆرئـــاوادا، بەڕادەیەکـــی زۆر، دەگـــمەنە. ئەی ئـــاخۆ ســـبەینێ چـــۆن دەبێـــت؟ تایبەتمەنـــدیی شـــیعر و شـــاعیران ئەوەیە کە هەرگیـــز بێ هیوا نابن.

کە دەخـــوێنینەوە مانـــای وایە جەســـتەمان دەخـــوێنێتەوە. خوێنمـــان، خەیاڵمـــان، دەخـــوێنێتەوە. خوێنـــدنەوە داهێنـــانە. داهێنەرێکـــی مەزن پێویســـتیی بەخـــوێنەرێکی مەزنە.

هەروەك چـــۆن خـــوێنەرێکی راســـتەقینە داهێنەرێکـــی راســـتەقینەیە. بەڵام ئەم کولتـــورە میـــدیاییە خۆرئـــاواییە نـــوێیە هـــیچ داهێنانێـــك پێشـــکەش ناکـــات، بگـــرە هـــیچ بەرهەمێکـــی ئەدەبـــیش پێشـــکەش ناکـــات، چـــونکە خـــوێنەران هـــیچ رۆڵێکـــی تیـــادا نـــاگێڕن. لێـــرەدا پێداویســـتییەکی گرنـــگ هەیە لەپێنـــاوی ئاینـــدەدا کە دەبـــێ کەشـــفی بکەیـــن، ئەو پێداویســـتییە بـــریتییە لەئەدەبێکـــی هـــاوچەرخ لەنێـــو رۆشـــنبیرییەکی راســـتەقینە و رەســـەن بـــۆ هەزارەی سێیەم کە خواستەکانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات بهێنێتە دی.

## بەشی شەشەم

# شۆڕش

لەپاش شۆڕشی ماتریالیزم، کە بەشێوەیەکی جەوهەری لەسەر بنەمای ئابووری ئەنجام درا، ئەمڕۆ پێویستیمان بەشۆڕشێکی مرۆڤایەتی–هیومانیستی هەیە، کە بەلایەنە دیار و نادیارەکانیدا، لەسەر بنەمای گشتگەرایی بوون ئەنجام بدرێت.

هیراکلیس دەڵێ: "مومکین نییە دوو جار لەڕووبارێکدا بپەڕیتەوە". جیهان بە بەردەوامی پێشدەکەوێت. مارکس ئاسۆیەکی مەزنی بۆ بیری نوێ کردەوە. سەدەی بیستەم سەدەیەکە بەو فیکرانە جیادەکرێتەوە کە لەسەر ئابووری دامەزراون. بەڵام ئەم سەدەیە وەرچەرخانێکی مەترسیداری تۆمار کرد، لێرەدا گەڕانەوەیەك هەیە بۆ ئایین، بەتایبەتی لەناوچەی عەرەبیدا. لەبەرئەوە ئەمڕۆ ئێمە پێویستیمان بەچەندین بیرمەندی نوێ هەیە تا بارودۆخی هەنوکەی فیکری ئایینی و فیکر بەگشتی لێك بدەنەوە. پێویستیمان بەشۆڕشێك هەیە لەشۆڕشی مارکسیزم زۆر بەرفراوانتر بێت و لەرووی شیعرییەوە قووڵتر بێت و لەڕووی مرۆڤایەتییەوە بڵندتر بێت .

ئەوەی لەبیری مارکسدا بەلای منەوە گرنگە مەسەلەی "ململانێی چینایەتی" نییە، بەڵکو لەنێوچوونی دەوڵەتە. دەبێ چەمکی دەوڵەت بەو شێوەیەی ئەمڕۆ وێنا دەکرێت، هەڵبوەشێنرێتەوە. مرۆڤ هەمیشە توانای داهێنانی هەیە، بۆیە دەبێ وێنایەکی تر دابهێنێت شوێنی چەمکی دەوڵەت/دەسەڵات بگرێتەوە، وێنایەکی تری دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە.

بیروباوەڕەکانی مارکسیزم لەبارەی ئەدەب و کۆمەڵگە و ئابووری و ململانێی چینایەتی، کۆن بوونو زەمەنیان بەسەرچوو.

کەواتە گومانی تیا نییە کە شۆڕشێکی نوێ بووە بەپێداویستییەکی گەورە. شۆڕشێك داهێنانی مرۆڤ لەسێنتەردا دابنێت، گەردوون و جیهان وەك یەك وڵات و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش وەك یەك کۆمەڵگە ببینێت، لەهەمان کاتیشدا رێزی تایبەتمەندیی میللەتان و شوناسی کولتورەکان بگرێت. ئێمە هەست بەوە دەکەین چەندە پێویستیمان بەو شۆڕشە نوێیە هەیە، بەتایبەتی لەناوچەکەی ئێمەدا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە لەوێدا لە هەردوو لایەنی جولەکەو عەرەبدا گەڕانەوەیەکی ترسناك هەیە بۆ ئایین، ئەم گەڕانەوەیە لەسەر بنەمای کرانەوە بەرامبەر بەئەویدی ناوەستێت، بگرە بەپێچەوانەوە تارادەیەك خەڵکی لەنێو زینداندا

بەنـــد دەكـــات. لەوێـــدا خەڵكـــی لەیەكـــدی دوور دەكەونەوە و لە لێكـــدابڕانێكی تەواودا دەژین.

ئەم گەڕانەوەیە بـــۆ ئـــایین گەڕانەوەیە بـــۆ پاشـــەوە، گەڕانەوەیە بـــۆ یاســـای ئـــایینی، گەڕانەوەیە بـــۆ لابـــردنو رەتكـــردنەوە، گەڕانەوەیە بـــۆ ئەو ئەفســـانە شـــێوێنراوەی لە لۆگۆس (ئەقڵ) جیاكراوەتەوە.

لەڕاســـتیدا لایەنـــی جەوهەری لەم مەســـەلەیەدا پشـــت بەســـەركەوتنی هاوپەیمـــانیی نێـــوان میتـــۆس (ئەفســـانە) و لۆگـــۆس (ئەقـــڵ) دەبەســـتێت، دوور لە هەمـــوو ئاینەكـــان و روانینـــی ئایینی.

ئەمـــڕۆ ئـــایین شـــتێكی ســـودبەخش نیـــیە و لەڕووی كـــۆمەڵایەتییەوە بەكەڵـــك نـــایەت. بـــۆیە دەبـــێ كـــۆمەڵگە خـــۆی لـــێ ئـــازاد بكـــات. بەڵام دەشـــێت ئـــایین بـــۆ تـــاكەكەس ســـوودبەخش بێـــت، ســـەرباری ئەمە ئـــایین نیشـــانەیە بـــۆ ئیفلیجبـــوونی كـــۆمەڵگە، كـــۆمەڵگە بە هـــۆزێكی ســـــەرەتایی دەچوێنێـــــت، ئەمە لەڕاســـــتیدا ئـــــاینێكی هـــــۆزگەراییە لەنێـــــو كـــــۆمەڵگەی سیبیرنیتیكدا (واتە كۆمەڵگەی زەبت و رەبت و كۆنترۆڵكراو) .

لەســـەردەمی ســـیبەرنیتیكدا چیتـــر پێویســـتمان بەئـــایین نابێـــت، ئەم قۆنـــاغەی ئەمـــڕۆی ئـــێمە، واتە قۆنـــاغی گلۆبالیزەیشـــن، پێویســـتیی بەخۆشەویســـتی و ئەڤـــین و دۆســـتایەتی و شــــیعر هەیە، پێویســــــتیی بەكــــــۆمەڵگەیەكی گەردوونــــــی هەیە رێــــــز لەهەمــــــوو جیاوازییەكان و رێز لەسەرانسەری شوناسە كولتوورییەكان بگرێت.

دیســـــان ئەمـــــڕۆ گەڕانەوەیەك هەیە بەرەو رۆحـــــانییەت، ئەمە لەمیـــــانی شـــــەیدایی خۆرئاواییەكـــان بـــۆ بـــوزییەت دەردەكەوێـــت، مـــن بـــاوەڕم وایە ئەم گەڕانەوەیە دژی ئایینە، چونكە خەڵكی لەبوزییەتدا بەدوای ئازادیی تاكەكەسیدا دەگەڕێن.

لەنێـــو پێغەمبەرەكانـــدا، مەســـیح بەكـــوڕی خـــودا نـــاوزەد كـــرا، مـــوحەممەد و موســـاش لەلایەن خوداوە نێردرابوون، بەڵام بودا بانگەشەی لەو چەشنەی نەبوو .

بـــاوەڕم وایە رەواجـــی بـــودییەت لەخۆرئـــاوادا مانـــای گەڕانەوە نیـــیە بـــۆ ئـــایین، بەڵكـــو بەپـــێچەوانەوە، ئامـــاژەیەكە بـــۆ رەتكـــردنەوەی ئـــایین. گەڕانەوە بـــۆ رۆحـــانییەت مانـــای گەڕانەوە نیـــیە بـــۆ ئـــایین، ئەگەر دارشـــتە و فۆرمەكـــانی رۆحـــانییەت بەراســـتی ئـــاینی نەبن، ئەوە شیعر یەكێكە لەو فۆرمانە، بەڵكو فۆرمێكی جەوهەرییە.

لێـرەدا سـێ تەڵـزگە یـاخود سـێ پرسـیار هەیە دەبـێ هەر مرۆڤێـك وەڵامیـان بـداتەوە: پرسـیاری بـوون، پرسـیاری ئیتیـك (ئەخـلاق)، پرسـیاری بوونـاوبوون (الصـیرورة)، یان مردن لەپاش ژیان، واتە لەپاش ژیان چیدیکە هەیە؟

رۆحـانییەت لەو پرسـیارەی دوایـیەوە سـەریهەڵداوە کە ئاراسـتەی مـرۆڤ کـراوە: مـرۆڤ لەدوای مـردن چـی لێـدێت؟ ئایـا لێـرەدا لەپـاش مـردن شـتێك هەیە؟ لەدوای مـردن بـۆ کـوێ دەچێـت؟ گرفتـی مەرگ سـەرچاوەی هەمـوو کۆششـێکی رۆحیـیە. ئـایینە دابەزیوەکـانیش بەشـێك لەوەڵامەکانیـان پێشـکەش کـردووە. بە بـاوەڕی مـن ئایینەکـان رۆحانییەتیـان لەوتانـدووە پـاش ئەوەی بەشـێوەیەکی بەزۆرەملـێ و بەسـیفەتی دەزگـا و دامەزراو راگەیەنـراون، بەتێپەڕبـوونی کـاتیش بـوون بەئـاینگەلی نەزۆك و بێـبەرهەم، بـۆیە پێویسـتە جێبهێڵـرێ و چەنـد شـێوەیەکی تـری گەڕانـی رۆحـی بـدۆزرێتەوە. ئەمـڕۆ فـــرە مەزهەبـــی لەم مەیـــلەی گەڕان و جێهێشـــتندا راڤە دەکرێـــت، خەڵکـــی ون و سەرگەردانن، کوێرانە شتەکان بەسەریەکدا دەدەن، بەڵام دەگەڕێن.

سـەبارەت بە مـن، گلۆبالیزەیشـن (جیهـانگیری) بـریتییە لە "بـاوەڕ"ی پێشـکەوتن. هەرچۆنێك بێت، تاکەکەس بێتوانایە لەوەی بتوانێت لەئاستیدا شتێك بکات.

باشـە مـرۆ بەتەنهـا دەتوانێـت چـی بکـات بـۆ راگرتنـی ئەو تاشـەبەردەی لەسـەرەوە بەرەو خـوارەوە خلـۆر دەبێـتەوە؟ بێگومـان مـومکین نیـیە ئەو تاشـەبەردە خلۆربـۆوە بوەسـتێنرێت، بەڵکـو دەبـێ لەخلۆربـوونەوەی بەردەکە تێـبگەین و چـاوەڕێ بـین تـا بەتەواوی دەکەوێـت، ئەمە بـۆئەوەی ملکەچـی یاسـاکانی مێـژوو بـین. بەڵام کاتێـك دەبینـین ئەو تاشـەبەردە (واتە تاشـەبەردی جیهـانگیری) خلـۆر دەبێـتەوە، دەبـێ جەخـت لەبەهـا دامەزرێنەرەکـانی مـرۆڤ بکەیـن کە شوناسـی خـۆی دەپارێزێـت. ئەو بەهایانەیش بریتین لە: داهێنان، شیعر، ئەوین، دۆستایەتی، جوانی.

دیسـان ناکرێـت لایەنـی پـۆزەتیڤی جیهـانگیری فەرامـۆش بکرێـت. کە گلۆبـالیزە دەکـرێین، ئەمە واتـا نەهێشـتنی مەسـافەکان و بـوونی وڵاتە ناکۆکەکـان بەتـاکە گوندێك و بەتاکە زەوییەك، ئەمەیە بووناوبوون (صیرورة)ی مرۆڤایەتی.

کەچـی خەڵکـی، بەمانـایەك لەماناکـان، لەکـۆیلە دەچـن. ئـاخۆ دەرفەتێکیـان هەیە بـۆ یـاخیبوون؟ هەر دەبـێ خۆیـان بگـرن، بەڵام تـاکەی؟ نـازانم، بەڵام هەر دەبـێ بەرگەی ئەو تاشەبەردە بگرین کە لە لوتکەی مێژووەوە خلۆر دەبێتەوە.

ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، یـاخود رۆمـای هـاوچەرخ، ئـامێری دراوی بەدەسـتەوە گرتـووە، ئەو ئێسـتا لەئاسـتی جیهانـدا هەرچیـی بوێـت دەیکـات. لەمـاوەی

چارەکە سەدەیەکدا یان لەدژی ئەو تاکدەسەڵاتە یاخی دەبین، یان لەتاریکییەتی نوتەکدا دەخنکێین.

## بەشی حەوتەم

## ئەدەب

لەپاش رۆمانی نوێ، ئەمڕۆ رەوتێکی ئەدەبیی نوێ دەکەوێتە بەر رووناکی، چەندین کاری ئەدەبی لەخۆ دەگرێ کەپتر لەچەند راپۆرتێك دەچن لەبارەی ژیانی رۆژانە .

لێرەدا حەسانەیەك نامێنێت لەنێوان وشەکان و واقیع، چیدی ئەدەبێك نامێنێ کە بەشێوەیەکی باشتر تەماشای جیهان بکات و لێی تێبگات. بەڵام لەئەدەبدا زۆر پێویستە مەودایەك لەنێوان وشەکان و شتەکاندا دابنرێ، چونکە لکاندنی وشەکان بەشتەکانەوە لەو کەسە دەچێت کە روخساری بەئاوێنەکەوە دەنووسێنێتو ئیدی هیچ شتێك نابینێت.

ئەگەر وشەکان بەواقیع یان بەشتەکان بلکێنین، ئەوسا ناتوانین نە ئاوێنەو نەڕوخسار، نە واقیعو نەشتەکان ببینین، بگرە بەتەواوی بێتوانا دەبین لەبینینی هەر شتێك. لەکاتێکدا ئەدەبی راستەقینە بریتییە لەکەشف و بینین.

من بەهۆی ئەم "ئەدەب-واقیع"ە ساختەیەوە دوچاری سڵەمینەوە دەبم، ئەوەی کە ئەمڕۆ باو و بڵاوە، ئەوەی بۆ نموونە بەم شێوەیە دەستپێدەکات: چووم بۆ قاوەخانە، چایەکم خواردەوە، چەند کەسێکم بینی....هتد، لێرەدا ئەو شتانە دەگێڕێتەوە کە بینویەتیو ئەو شتانەی لەبەرچاویدا روویانداوە، ئەمە سوودی چییە؟ ئەمە لەڕاستیدا بەرهەمهێنانەوەی ئەو پوچییەیە کە سەرلەبەری رۆژگارەکانی ئێمەی پڕکردۆتەوە. ژیانیش پێویستیی بەو شتانە نییە کە لەڕێی زمانەوە جارێکی تر بەرهەم بهێنرێنەوە. ژیان پێویستی بەوەیە کە لەناوەوەدا روون بکرێتەوە، ئەمە واتە ژیان بخولقێنرێ و

جارێکی تر دروست بکرێتەوە. ژیان بوونەوەری مرۆڤ ناخولقێنێت، بەڵکو بوونەوەری مرۆڤ ژیان دەخولقێنێت.

لێرەدا چەند رۆمانێك هەیە كە ئەمڕۆ وەكو دەنگ و رۆمانی هاوچەرخ وەسف دەكرێن، كەچی خاڵین لەستایلێكی جوان و زمانێكی بەهێز، لەڕاستیدا ئەو چەشنە رۆمانە هەموو كەسێك دەتوانێت بینوسێت، ئەمەیە داهێنانی غافڵگیر كە نە هەڵگری شوناسە و نە روانینێكی بۆ داهێنان هەیە.

ئێمە ئەمڕۆ هاوپەیمانییەكی بابەتی دەبینین لەنێوان بازاڕ و دەسەڵاتدا، ئەمەش هاوپەیمانییەكی مەترسیدارە.

دنیا گۆڕاوە و لەگەڵیدا مانای فەلسەفە و شیعر و گێڕانەوەی حیكایەتیش گۆڕاوە، رۆژنامەگەری و هۆیەكانی راگەیاندن دەستی بەسەردا گرتوون. رۆژنامەوانان و هۆیەكانی راگەیاندن وایدەبینن كە دەبێ كولتوور ببێت بە بەشێك لەبازاڕ، رۆشبیریی خۆی بازاڕە.

بۆیە دەبێ شاعیر بەر لەهەرچی لەو بارودۆخە و لەو گۆڕانكارییە تێبگات. ئەمڕۆ جۆرە شیعرێك دەخوێنینەوە تەنها بریتییە لەپیشەسازییەك تەكنیك بەرهەمی هێناوە. ئامێر بەهۆی وشەكانەوە دەگوازرێتەوە سەر لاپەڕە و قەسیدەیش بووە بەئامێرێكی تر، هەروەكو شاعیران و نووسەرانیش بوون بەجۆرێك لەئامێر، تۆ وێنای ئەوە بكە فۆتۆگرافیستێك مرۆڤ لەمرۆڤایەتیبوونی دادەماڵێت لەبری ئەوەی روانینێك دابهێنێت ئەو ونبوونەی مرۆڤبوونی مرۆڤ جێبهێڵێت. بەمرۆكردنی داماڵینی هیومانیزمی مرۆڤ، بە بەجێهێشتنی ئەنجام دەدرێت نەك بەوەسفكردنی.

ئەو نووسینەی ئەمڕۆ بەمۆدێرن ناودەبرێت، ئامێرێكی زەبەلاح پێكدەهێنێت، ئامێرێك لەئاخاوتن، ئامێری وشە. گومانی تیا نییە كە لێرەدا هەمیشە نووسین هەیە، هەمیشە شاعیران و نووسەران هەن، خۆ ئەگەر ئاگاداری رووداو و گۆڕانكارییەكان نەبن، ئەوسا وشەی داهێنان لە ناودەچێت و لەبریی وشەی داهێنان، وشەی بەرهەمهێنان دادەنرێت، ئیدی پاشان بەرهەمهێنانی تێكستی ئەدەبی دەبینین لەشێوەی بەرهەمهێنانی رستن‌و چنین یان هەر شمەكێكی تر.

پێویستە ئەدەب‌و هونەر، بەشێوەیەكی گشتی، ببن بەخودی ژیان. سا ئەگەر بەوشێوەیە نەبن‌و ئەگەر رۆحی ئێمە بەڕادەیەكی زیاتر نەبوژێننەوە، هەروەكو خۆر و با، ئەوا لەپەراوێزی ژیاندا دەبن.

لەمـــانگی رابـــردوودا لەنیویـــۆرك لەمۆزەخـــانەی میترۆپۆلیتیـــان، پێشـــانگەیەکی جـــوان کـــرایەوە لەبـــارەی فیرمێـــر دی دیلـــف – ی نیگـــارکێش‌و قوتابخـــانەکەی، هاوکـــات پیشـــانگەیەکیش لەبـــارەی جـــاکلین کینیـــدی کـــرایەوە کە لەوێـــدا دەتتـــوانی پێڵاوەکـــانی جـــاکلین و کەرەســـتەکانی خۆجـــوانکردن و جلـــوبەرگ و "پاشـــەڕۆ" تایبەتیەکـــانی ببینیـــت. بـــۆ بینینـــی پیشـــانگەکەی جـــاکلین دەبـــوایە بۆمـــاوەی دوو کـــاتژمێر لەریزێکـــی دوورو درێـــژدا بوەســـتیت تـــا ســـەرەی چـــوونە ژوورەوەت بـــۆ دەرەخســـێ، کەچـــی پیشـــانگەی تابلۆکـــانی فێرمێـــر تـــاڕادەیەك چـــۆڵ بـــوو و دەشـــتتوانی یەکســـەر بچیـــتە ژوورەوە، چـــونکە تەنهـــا چەنـــد کەســـێك لەریـــزدا وەســـتا بـــوون. وەك دەبینیـــت جـــاکلین کینیـــدی، ســـەبارەت بەو جەماوەرە، زیندەگییەکی زیاتری هەیە لەچاو تابلۆکانی فێرمیر.

لەمێـــژوودا چەنـــدین شـــێتی گەورە هەڵکەوتـــوون خەونیـــان بەنەهێشـــتنی پـــارەوە دەبینـــی، ئەمە خەونێکـــی مەزنە، خەونێکـــی سروشـــتبەزێنە (خـــارق). مـــن حەز دەکەم درێـــژە بەو شێتییە بدەم.

ئەگەر پـــارە هەڵبوەشـــێنیتەوە و نەیهێڵیـــت، ئەوســـا هەمـــوو شـــتێك دەگۆڕدرێـــت، پەیوەنـــدییە مرۆڤایەتییەکـــان و بگـــرە هەمـــوو شـــتێك گـــۆڕانی بەســـەردا دێـــت. بەڵام بەداخەوە، ئەو شـــتەی کە مـــرۆڤ دروســـتی کـــردووە، مەبەســـتم پـــارەیە، دەبێـــتە هـــۆی داپڵۆســـینی خـــودی مرۆڤ، واتە پارە یان دراو دروستکەرەکەی خۆی دادەپڵۆسێت.

ئەمـــڕۆ دراو دەســـتی بەســـەر مرۆڤـــدا گرتـــووە. دراو واتە خاوەنـــدارێتی و دەســـەڵات و جەنـــگ. ئـــێمە ئەمـــڕۆ بـــووین بەکـــۆیلەی دراو، بەهەڵـــپەوە و بێوچـــان بەدوایـــدا دەچـــین بێئەوەی دەستیشمان بکەوێت، لەپێناوی کاردا کار دەکەین، ئەمە تراژیکۆمیدیایە.

ئەقڵی ئابووری، زۆر لەهونەر و شیعر و ئەدەب، ژیرتر و چالاکتر و کاریگەرترە.

بەڵام پێویســـتە هـــونەر خـــۆی بەدەســـتەوە نەدات. پێویســـتە نووســـەرە هاوچەرخەکانمـــان پتر پرۆسەی ژیان بکەن‌و پتر تێبگەن. دەبێ بەهۆش و ئاوەز چەکداربن و تێبکۆشن.

چەنـــدین نووســـەر دەناســـم لەســـەر داوای کەســـانی دی دەنووســـن. بـــۆ نمـــوونە خـــاوەنی پەخشـــانەکە دەڵـــێ: "ئەم بەشـــە ئـــاڵۆزە، دەبـــێ ســـادەتر و ئاســـانتری بکەیـــتەوە، ئەم بەشـــەیان درێـــژە دەبـــێ کـــورتی بکەیـــتەوە. لەوانەیە ئەم رســـتەیە بەشـــێوەیەك راڤە بکرێـــت کە دژی سیاســـەتێکی دیـــاریکراو یـــان دژی ئـــایین بێـــت، پێویســـتە لاببرێـــت. لەم بەشـــەی رۆمـــانەکەدا کـــردەو جـــوولەی تیـــا نیـــیە دەبـــێ بـــۆی زیـــاد بکەیـــت.... تـــاد". ئەو جـــۆرە نووســـەرانە ـــکە لەڕاســـتیدا چیـــدی نووســـەر نـــین– بەهەمـــوو ئەو شـــتانە رازیـــن، خـــاوەنی

پەخشـــــانەکانیش کە ئەو چەشـــــنە داوایە رووبەڕووی نووســـــەر دەکەن، لەڕاســـــتیدا خیانەت لەئازادی دەکەن.

هەنـدێك لەبرادەرەکـانم پـێم دەڵـێن: "دەتەوێ لەبەرخـاتری وتارێـك یـان کتێبێـك تیـرۆر بکـرێم؟ نەخێـر، نـامەوێ تیـرۆر بکـرێم، ژیـانم زۆر بەنرختـرە لە....". سانسـۆری نـاوەکی بـووەتە بەشـێکی تەواوکـراو لەنووسـینی ئێسـتا. ئـۆە.. ئەگەر هەمـوو ئەو شـتانەم بنووسیایە کەدەیزانم.

## بەشی هەشتەم

## **شیعر**

کارەکـانی مـن تەفاسـیلەکان تێـدەپەڕێنن بـۆ گەیشـتن بەگشـت، هەروەهـا بـۆ کەشـفکردنی دیـار و نادیـار پـێکەوە. ئەگەر تەفسـیلێکت بینـی ئەوا لەنـاو گشـتدا و لەپەیوەندیـدا بە بەشـەکانی تـری گشـتەوە دەریـدەخەم. ئەوەی شـاعیرێك پێویسـتیی پێیەتـی تەنهـا بنیاتنـانی پەیوەنـدی نیـیە لەگەڵ خـوێنەردا، بەڵکـو بنیاتنـانی پەیوەنـدییە لەگەڵ شتەکانیشـدا. سـەرباری ئەمەش شـتێك کە پابەنـد بێـت بەشـتێکی دیـکەوە، لێـی جیانـابێتەوە. جـا بـۆئەوەی بەشـێوەیەکی بـاش لقێـك لەدرەختێکـدا ببینـین، دەبـێ سـەیری درەخـتەکە بکەیـن، ئەگەر لـقەکە لەدرەخـتەکە جیـابکەینەوە ئەوسـا لەباردەچێـت، یـان سەرکێشـیی لەبـاربردنی خـودی بینیـنەکە دەکـات. ئەوەی گـرنگە تەنهـا بینینـی ئەو شـتە نیـیە کە دەیبیـنم، بەڵکـو ئەوەیـش کە نـایبینم. درەخـت تەنهـا یەك لای هەیە، بەڵام بەڕووی هەمـوو لایەنەکانیـدا کـراوەیە. جـگە لەمە، ئەو درەخـتە تەنهـا ئاسـۆیی نیـیە، بەڵکـو ستوونیشـە. حەز ئەکەم کـارێکی ئەدەبـی، بـۆ نمـوونە رۆمـانێکی مەزن یـان قەسـیدەیەکی مەزن، بەدرەختێـك وەسـف بـکەم، یـان بەوەی کە ئەو رۆمـانە لەجەسـتەیەکی مرۆیـی دەچـێ. هەر کـارێکیش ئەو سـتوونییەی نەبێـت و ئەو کـرانەوەیەی بەڕووی ئاسـۆدا نەبێت و توێکڵێکی دەرەکیشی نەبێت، تا ئەوپەڕی کارێکی خراپ و بێقوڵاییە.

وشەیەك لەزمانی عەرەبیدا هەیە، كە لەیەك كاتداو لەناو یەك فەزادا، مانای (بابەت) و مانای (نووسین) دەبەخشێت، ئەویش وشەی "رەقیم = رقیمە"ە، ئەم وشەیە، بەبۆچوونی من، بەمانای لاپەڕەیەك بۆ نووسین دەگەیەنێت، یان با بڵێم، مانای فەزایەك یاخود سپەیسێك دەبەخشێت مومكینە تیایدا بنووسین، یان وێنەی تیادا بكێشین و پێوەی بلكێنین، دیسان بۆئەوەیە شتەكانی تیادا كۆبكەینەوەو یەكیان بخەین. من ئارەزووم لەوەیە كارێكی گشتگیر و سەرجەمگیر ئەنجام بدەم، واتە دەشێت قەسیدەیەك مۆسیقا بێت، یان مێژوو بێت. من هەوڵم داوە تێكستی نووسین بخوڵقێنم، بەڵام هەوڵیشمداوە نیگار و كۆلاژ و شێوەی پلاستیكیش بخوڵقێنم. من قەناعەتم وایە رۆح، ئەگەر بەڕاستی بوونی هەبێت، بریتییە لەخودی جەستە. كاری ئەدەبیش بریتیە لەدرەخت، بریتییە لەجەستەیەكی گشتگیر و بوونەوەرێكی گشتگیر. ئەمە جەوهەرە. هەموو ئەم شتانە دژی دابەشبوون و پەرتبوونە. لەكاری ئەدەبیدا مرۆڤ لەگەڵ سروشت و لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دوژمنەكەیدا ئاشت دەبێتەوە. كاری ئەدەبی دژی توندوتیژییە كە جگە لە لاوازی و بێتوانایی شتێكی تر نییە.

لەوێنای شیعریی مندا، دەبێ ئافرەت لەنێو قەوارەی خۆیداو لەنێو ژیانی خۆیدا بەشێك لەپیاوەتی و نێرایەتی تێدابێت. پێچەوانەی ئەمەیش راستە. چونكە پیاوێك مێیەتی لەژیانیدا نەبێت، هیچ گرنگیو بایەخپێدانێك ناوروژێنێت، ئەگەر لەڕووی ئەنتۆلۆژییەوە قسە بكەین، ئەمە نیشانەی كەموكورتییە. ئەی مرۆڤ لەسەرەتادا (نێر–مێ) نەبووە؟ كە پاشان هەردوو بەشەكەی لێكدی جیابوونەوە. لەساتەوەختی ئەو جیابوونەوە خودییەدا، ئیدی پیاو چووە نێو گەڕان بەدوای بەشە ونبووەكەیدا، ئەمەیە خۆشەویستی و ئەوین وەك ئەفلاتون دەیبینێت. باوەڕم وایە ئەفلاتون یەكەم كەسە مێژووی گێڕابێتەوە، جا بۆئەوەی مرۆڤێكی راستەقینە بوونەوەرێكی راستەقینە بێت، دەبێ بەشە ونبووەكەی خۆی بدۆزێتەوە. ئەمەیە مانای خۆشەویستی. خۆشەویستی بریتییە لەكەماڵی كۆتایی.

ئەو ئەسپەی پێغەمبەری ئێمە سواری بوو تا لەمەككەوە پێی بچێت بۆ قودس، ئەسپێكی نێرەموك بوو، ناوی بوراق بوو. دەموچاوێكی مێینەییو جەستەیەكی پیاوانەی هەبوو. جەستە جەستەی ئەسپێك بوو، دەموچاویشی روخساری ئافرەت بوو. ئەمە ئەفسانەی پەریی دەریامان بیردەخاتەوە كە قەدی لەشێوەی ئافرەت بوو، كلكیشی لەشێوەی كلكی ماسی بوو.

رەگی وشەی ئاوەز–ئەقڵ لەزمانی عەرەبیدا بریتیە لە (عَقَلَ)، واتە (بەندی كرد – حەبسی كرد)، كەواتە ئەقڵ، ئەگەر بەزمانی ئیشتیقاق قسە بكەین، بریتییە لە زیندان، ئەمە عەگاڵە. ریشەی ئەم وشەیە لەزمانە ئەوروپییەكاندا زۆر جیاوازە، كەچی

بەتێپەڕبوونی کات، ئەم وشەیە لەنێو عەرەبدا هەمان ئەو مانایەی هەڵگرت کە لەلای ئەوروپییەکاندا هەیە، واتە مانای (بیرکردنەوە – التعقل).

لەگەڵ ئەوەشدا، وشەی ئاوەز (عقل) لەلای ئێمە و لەنەریتی ئێمەدا، ڕێگریمان دەکات و سنورمان بۆ دادەنێت، بەربەستێکە لەبەرامبەر خەیاڵکراو (المتخیل)، و لەبەرامبەر شەیداییو، لەبەرامبەر هەموو شتێکی غەریزی.

من لەهەموو ئەزموونی فیکری و شیعریمدا هەوڵم داوە ئەقڵ بکەم بەئاسکێکی تەریو. شەرابی دڵ بڕێژمە نێو ئەقڵ، تا ئەقڵیش هەروەکو دڵ مەست و کەیل بێت. من جەستە و ڕۆحم لێکدی نزیک کردەوە و ئاوێزانی یەکدیم کردن. ئەقڵ و دڵم یەکخست. من وایدەبینم دەبێ ئەقڵ دڵی دووەم بێت.

لەنووسینەوەی جەستەی مەعشوقدا هەرگیز سەرکەوتوو نابین. ئەمە چانسێکی باشە. چونکە ئەگەر تۆ شتێك بزانیت ئەوا هەستدەکەیت دەیکەیت بەمولکی خۆت، موڵکداریێتیش دژی خۆشەویستییە. دیسان، ئێمە توانای ئەوەمان نییە بەتەواوی و بەشێوەیەکی کۆتایی شتێك بزانین. ئێمە بێتوانایین لەناسینی شتێکی نائاساییو سروشتبەزێنی وەك جەستەی مرۆڤ. جەستە بەردەوام چاوەڕێی کەشفکردنە. جەستە، هەروەکو خۆشەویستی، بریتیە لەبزاوت و جووڵانەوە. لەڕاستیدا من هیچ ڕۆژێ نەمتوانیوە جەستە بخەمە ناو نووسینەوە. لەعەرەبیدا بۆ تەعبیرکردن لەخود، ژمارەیەکی زۆر وشەت پێویستە. بەتایبەتی بۆ گوزاشتکردن لەشتێك. ئەمە جگە لەوەی تۆ وەکو خۆی تەعبیر لەو شتە ناکەیت، بەڵکو تەعبیر لەوێنەی ئەو شتە دەکەیت.

هیچ زمانێك، هەرچەند ئاستی شیعریی بڵند بێت، ناتوانێت گوزارشت لەواقیع بکات. زمان بێتوانایە لەناسینی جەستەی مرۆڤ، چونکە ئەو جەستەیە بێکۆتاییە. زمان تەنها دەتوانێت کۆتایی بناسێت نەك ناکۆتایی.

بەم مانایە، دەڵێم، کاری سێکسی کارێکی تاقانەیە و تەعبیری لێناکرێت. ئێمە تیایدا دەژین، بەڵام تەعبیری لێناکەین. دەتوانیت قسە لەبارەی شتە دیارەکانی جەستەو پاڵنەرە غەریزییەکانی جەستە بکەیت. بەڵام جەستەی مرۆیی دەریایە .

ئەم جەستەیە هەمیشە لەجووڵەدایە. پێشمان دەکەوێ و دوامان دەکەوێ، ئیدی چۆن بگەینە ناسینی ئەو بزاوتە سەمینەرە سروشتبەزێنە (خارق)، لەکاتێکدا شەپۆلێکی ئەو (دەریا–جەستە)یە لەشەپۆلێکی تر ناچێت. بەم مانایە دەڵێم جەستە لەسەرووی تەعبیرەوەیە، هەر شەپۆلێك لەشەپۆلەکانی شتێکی بێهاوتا و ناوازەیە. بەڵام ئەگەر

خەیاڵی ئەوە بکەین و ئەگەر کەسێك توانی خەیاڵی ئەوە بکات کە گوایە گوزارشتی لەجەستە کردووە، ئەوا جەستە لەو چرکەیەدا لەتەرمێك دەچێ. لەو چرکەیەدا جەستە دەکوژرێت. لەوساتەدا چیدی ئەو جەستەیە جەستە نییە، ئەوە خودی ئەو جەستەیە نییە. تەنها ئایین ئیدیعای ئەوە دەکات کە بەرێگەیەکی گشتگیر و کۆتایی شتەکان دەڵێت، بەڵام ئایین لێرەدا سنوورەکانی خۆی دەردەخات.

ژن بەدوای پیاودا دەگەڕێت، پیاویش ژیانی خۆی بۆ گەڕان بەدوای ژندا تەرخان دەکات. کەچی لێرەدا، هەرگیز، بەیەکگەیشتنێك نییە بشێت پێی بوترێت پێکگەیشتنێکی ئایدیالی نێوان دوو جەستەو نێوان دوو کەس. ئێمە بەردەوام ماندووی گەرانین، لێرەو لەوێ، بەردەوام بۆ هاوبەشەکەمان دەگەڕێین، بۆ مەعشوقەکەمان دەگەڕێین، ئیدی بۆ شوناسی خۆمان دەگەڕێین، هەرگیز ناگەین بەو شتەی بۆی دەچین و دەمانەوێ. قەت سەرکەوتوو نابین لەناسینی ئەو کەسەی خەیاڵی دەکەین. ئەمەیش لەچانسی ئێمەدایە.

نوشستیو سەرنەکەوتن، بەشێك لەسەرکەوتنی ئێمە پێکدەهێنێت، سەرنەکەوتن روویەکی تری سەرکەوتنە.

ئاخۆ مەکر و زۆرزانیی، لەلای پیاو و لەلای ژن، هۆیەکەی چییە؟ مەبەستم، بۆچی، نە ژنو نە پیاو، دان بەرۆڵیان لەفەشەل و، رۆڵیان لە سەرکەوتندا نانێن؟ شتێکی شاراوە و نائاسایی لەلای هەردووکیاندا هەیە. نازانم چۆن راڤەی ئەوە بکەم ژن و پیاو دەگەنە قۆناغێك دەبن بەدوو کەسی درۆزن لەبەرامبەر یەکتردا؟ بۆچی کەمدەست و بێتوانان لەتێپەڕاندنی هەموو بەربەست و هەموو ناتەواوییەکان و، بۆچی بەراستگۆیی ئەو شتانە بە یەکدی نالێن کە هەستی پێدەکەن؟ ئەمە پرسیارێکە ئاراستەی هەردووکیان کراوە: ئایا ئێوە، هەردووکتان، لەم لایەن و لەولایەنی دیکە، هەر دەبێ لەدرۆکردندا بژین؟ فەرموو دوا پرسیار: ئایا بوونەوەری مرۆڤ بێتوانایە لەوەی کەسێکی راشکاوو راستگۆ بێت؟ بۆچی؟ لەوانەیە وشەکە "درۆکردن" بێت، بەڵام ئاخۆ ناشێت ئەم وشەیە واقیعی بێت؟ دەشێت خودی شیعریش درۆزن بێت! لەوانەیە ئاینەکان جیهانی درۆکردنیان داهێنابێت کە ناکرێ تێپەڕێنرێت. کەواتە ئێمە ناچاری درۆکردنین، بەئیرادە و قودرەتێکی خودایی ناچارین درۆ بکەین. درۆ لە (با) یان لە (خۆر) دەچێت، بۆیە کاتێك شیعر دەنووسین دەبێ دەمامکی سەر درۆ لابەرین. شیعری شۆڕشگێڕیش جگە لەشێوەیەکی ساختەی شیعر شتێکی تر نییە. چونکە دەبێ شیعر زۆر لەرمان و وێرانکردن دوورتر بڕوات. دەبێ شیعر شیعری شۆڕشگێری تێپەڕێنێت، چونکە ئەو شیعرەی بەشۆڕشگێر ناوزەد دەکرێت شیعرێکی درۆزنە بەپلەی نایاب. لەکاتێکدا دەمامکەکان

لادەبــات، چەنــدین دەمــامکی نــوێ دادەهێنێــت. دەمامکگەلێــك دەشــێت زۆرزانتــرو مەترسـیدارتر بـن. وەزیـفەی شـیعر بـرتییە لەتێکـدان و روخانـدن، بـریتییە لەدامـاڵینی ماســـکەکان. دەبـــێ هەمیشـــە لەتەك خســـتنەوەی هەرا و دڵەڕاوکەو بـــوومەلەرزە رۆشنبیرییەکاندا بێت.

ئــێمە لەم زمــانەدا، زمــانی روونبێــژی و دامــاڵینی پەچەو ئاشــکراکردن، زۆر دوور رۆیشــتووین، دوورتــر لەزمــانی ئەو شــیعرەی وەك شــیعری شۆڕشــگێڕی دانــی پێــدانراوە، کەچــی لەچوارچێــوەی کــۆمەڵگەکەی خۆمانــدا بەدرۆکــردن تۆمەتبــار کراوین.

ئایـا لەتوانـای وشـەدا هەیە هەمـوو شـتێك بڵـێ؟ ئـاخۆ دەتوانێـت ئەمە بکـات؟ ئەوەی کە گرنگییەکــی بێهاوتــا بەنووســین دەبەخشــێت ئەوەیە کەشــتەکان دەڕووخێنێــتو جــارێکی تــر بنیاتیــان دەنێــتەوە، هەروەهــا ماســکەکانی ســاختە دادەماڵێــت. دەبــێ لەپێنــاوی روخانــدنی هەمــوو درۆیەك بنووســین بــۆئەوەی ئەو درۆیە تێپەڕێنــین، بەبــێ ئەم کــارە نە ئاخــاوتن و نە نووســین هــیچ بەهایەکیــان نابێــت. ئەگەر نووســین لەدژی ئەو درۆیە کۆشـش نەکـات ئەوسـا دەمـامکی تـر دەخوڵقێنێـت، ئەوسـا ئاخـاوتن دەبێـت بەو ماسـکە گەورەیەی سەرانسەری کۆمەڵگە لەپشتیەوە خۆی دەشارێتەوە.

لەهەنــدێ قۆناغــدا نووســین دەبێــت بەدەمــامکێکی گەورە، نمــوونەیش بــۆ ئەمە نووســینی عەرەبییە، چونکە جگە لەشاردنەوە و پەردەپۆشکردن نیازێکی تری نییە.

دەبــێ رۆژێــك، لەنێــو کۆمەڵگەکانــدا، لێکــۆڵینەوە لەســەر نووســین بکرێــت، بەســیفەتی ئەوەی نووسـین دەمـامکە. ئەگەر بیـر لەنووسـینەکانی مـن دەکەیـتەوە، ئەوا مـن وایـدەبینم نووسـینی مـن پتـر تۆمەتبـارکردنە، نووسـینی مـن دڵڕەقـانە ئیـدانەی واقیـع دەکـات و تیشـك دەخـاتە سـەر دەمامکەکـان. دەبـێ هەمیشـە شـایەت بـین، دەبـێ بەردەوام قسـە بکەیــن.. بەڵام ئەمە هــیچ شــتێك ناگۆڕێــت. تەنــانەت ئەوکــاتەش کە هەســت بــکەم نووســین، وەك ئەوەی مــن پرۆســەی دەکەم، بریتــی بێــت لەکــردار. بەڵام کــرداری شاعیر دەتوانێت چی بکات لەکۆمەڵگەیەکدا خیانەتی لەشیعر کردووە.

بەپـێچەوانەی ئەمە، ئـێمە خـاوەنی هـیچ نـین تەنهـا ئەوە نەبـێ، چـاوەڕێ بـین ئەو وزە رۆحییەی شاعیر دەیخوڵقێنێت، ئایندە ببەزێنێت.

## بەشی نۆیەم

# بنەماكانم

لەناوەندێكدا گەورە بووم تاكگەرایی تێدا نەبوو. تاك لەنێو "گشت"دا پەرت و پەنهان بوو. ئەو "گشت"ە بریتی بوو لەخێزان. هەمووان لە "گشت"ێكی گەورەوە هاتوون، لەنەتەوە (ئوممە)ەوە، ئوممە چەمكێكی تایبەتە بەئیسلام. وشەی ئوممە لەعەرەبیدا مێیە، لەدایكەوەیە: (الأمة- الأم).

پەیوەندیم بەدایكمەوە، هەروەها پەیوەندیم بەباوكیشم، وەك ئەوە بوو لەناوەندی دەریاچەیەك یان ئۆقیانوسێكدا بین. هەر هەموو، پێكەوە، بەشێك بووین لەو ئۆقیانووسە، لەو دەریایە، لەو دایكە. هیچ پەیوەندییەكی تایبەتیم لەگەڵ دایكمدا نەبوو، كاتێكیش كەمێك گەورە بووم و چوومە هەرەتی لاوی، چەند كتێبێكم خوێندەوە، لەمیانی خوێندنەوەكانمدا بۆم دەركەوت لێرەدا پەیوەندییەكی كەسایەتی، تایبەتی، لەنێوان دایكو كوڕەكەیدا هەیە. هەموو كتێبەكانی فرۆیدم خوێندەوە. ئەوەی فرۆید نوسیویەتی دنیایەكی تر بوو جیاواز لەدونیای ئێمە. لەو ژینگەیەی تیایدا ژیام هیچ رواڵەتێك لەو رواڵەتانە boونی نەبوو كە فرۆید وەسفی دەكردن و لەكتێبەكانیدا كەشفی كردبوون. من لەژیانمدا دوچاری هیچ یەكێ لەو كێشە دەروونیانە نەبووم. ئێمە هەمووومان وەكو یەك تاكە درەخت وابووین، من لقێك بووم لە لقەكانی ئەو درەختە.

منداڵیی خۆم وەك منداڵانی كۆمەڵگە مۆدێرنەكان نەژیاوم. من هەرگیز تەمەنی منداڵیم نەناسیوە.

لەیەكەمین هەنگاوەكانمەوە، وەك سەرجەم ژیانی گوندەكەمان، كەوتمە نێو ژیانی رۆژانەوە، یانی نێو كێڵگەكانو، ژیان لەژێر درەختەكانداو، لەسەر ئەو رێگایانەی دەچوونەوە سەر كانیاوەكان، دەچوونە سەر رووبارەكانو سەر كێڵگەكان، تا لەوێدا كاربكەم، زەوی بكێڵمو تۆوڕێژی بكەم. هەر لەسەرەتای پێگەیشتنمەوە بووم بەكرێكار. من هەموو ئەو كارانەم دەكرد. بێئەوەی بچووكترین پەیوەندیی تایبەتیم، بەمانای خۆرئاوایی وشەكە، بەدایكو باوكمەوە هەبێ.

دایكم فێری خوێندەواری نەبوو، كەسێكی بێسەواد بوو، بەڵام وا هەست دەكەم بەرۆشنبیریی ژیان خۆی رۆشنبیر كرد، بەئازارەكانی ژیانو بەكاری ژیانو بەیادەوەری خۆی رۆشنبیر كرد. ئەمە چونكە لێرەدا یادەوەرییەك هەیە رۆڵێكی مەزن لەلای نەخوێندەوارەكاندا دەگێڕێت.

کەواتە دایکم ڕۆشنبیر بوو، تائێستایش لەژیاندا ماوەو گەیشتۆتە تەمەنی نەوەدو شەش ساڵی. هەمیشە تەندروستیی باشە، بەجوانی قسە دەکاو دەڕواو بەچاکی دەبینێت. جارێکیان هات بۆ لام بۆ پاریس، بەڵام حەزی لەپاریس نەبوو. دایکم سەبارەت بەمن درەختێك بوو، درەختێکی قسەکەر، دەریایەك بوو، دەریایەك لەخوڕەو جووڵە ناوەستێت. ئەو، لەلای من، بەشێك بوو لەسروشت، بەڵام سروشتێکی زیندوو. بەم مانایە دایکم کاریگەرییەکی گەورەی لەسەرم هەبوو بێئەوەی یەك وشە بڵێت.

باوکم، بەپێچەوانەی دایکم، ڕۆشنبیرێکی بەئاگاو شارەزا بوو، هەرئەویش بوو یەکەمین وانەکانی فێرکردم، شیعری جاهیلی و شیعری سۆفیگەری و شیعری دوای ئیسلامی پێناساندم، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی شیعری سۆفیی فێرکردم، ئەو ڕێگەی بەرەو شیعری بۆ کردمەوە، خۆیشی شیعری تەقلیدیی دەنووسی. من بۆ سەرەتاکانی ڕۆشنبیریم قەرزاری باوکمم.

لەتەمەنی سیانزە ساڵیمدا هێشتا نەچووبووم بۆ خوێندنگە. دەچووم بۆ گوندو بۆ کێڵگەکان، تا ئەو تەمەنە نە کارەباو نەرادیۆم نەدەناسی، هەرگیز ئۆتۆمبیلم نەدیبوو. بەتەواوی ڕەگەزێك بووم لەڕەگەزەکانی سروشت، هەروەکو هەور یان درەخت توخمێك بووم لە توخمەکانی سروشت. بۆیە دەڵێم، منداڵی، بەمانای نوێی وشەکە، نەژیاوم.

ئێستا، پاش ئەوەی بەتەمەندا چووم، هەوڵدەدەم لەخەیاڵی خۆمدا پارچەکانی ئەو منداڵییە کۆبکەمەوە و کەشفی بکەم. ئەمە بەئەندازەیەکی زۆر دەمهەژێنێت.

بۆ نموونە خەیاڵی ئەوە دەکەم چۆن سیانزە ساڵی یەکەمم بەسەر بردووە، کە ئەو ماوەیە سەبارەت بەمن بۆشاییەك پێکدەهێنێ. هەوڵدەدەم بەچاوی خەیاڵ خۆم لەتەمەنی یەك ساڵی یان دوو ساڵی یاخود سێ ساڵیدا ببینم. ئەمەیش بۆ من شتێکی ئاسان نییە، ئیدی پەنا بۆ دایکم دەبەم و پرسیاری لێدەکەم، بەڵام ئەمڕۆ دایکم زۆر شتی بیرچۆتەوە. هەندێ لەهاوڕێکانم لەلادێ توانییان هەندێ یادگاریم تیادا زیندوو بکەنەوە ئەوکاتەی لەتەمەنی شەش ساڵیدا بووم، تەمەنی شەش ساڵی بەدواوە نەك پێش ئەو تەمەنە. بەمجۆرە لەمنداڵیم دابڕام. ئەم کەموکورتییە لەیادگارییەکاندا دەمبوژێنێتەوەو ڕۆژگارەکانم تەڕوپڕ دەکات. کاتێك هەوڵدەدەم ئەو منداڵێتییە بگەڕێنمەوە، کەشێکی منداڵی بۆ خۆم دادەهێنم، لەمیانی ئەو کەشەدا درێژە بەو منداڵییە ون و لەدەستچووەم دەدەم. ئای ئەمە چ درێژەپێدانێکی خۆش و ورووژێنەرە.

یەکێك لەبرادەرانی منداڵیم بۆی گێڕامەوە، چۆن ئێمەی منداڵانی لادێ، لەژێر درەختێکی گەورەو راخراودا، بەسەرپەرشتی شێخێکی مامۆستا لەمامۆستایانی ئەو رۆژگارە، فێری پیتە هیجائییەکان دەبووین. هاوڕێکەم وتی کە من حەزم نەدەکرد لەو دەرسانەدا ئامادە بم، فێڵم لەمامۆستاکە دەکردو پێم دەوت: "خواردنم پێ نییە بیخۆم، دەمەوێ بڕۆمەوەو لەماڵەوە نان بخۆم"، ئەویش پێی دەوتم: "بڕۆ، بەڵام خێرا وەرەوە"، بەڵام من رامدەکرد و نەدەگەڕامەوە، ئەمە وای لەمامۆستاکە کرد متمانەی پێم نەمێنێ و بەدارعاساکەی دەستی، کە فڕێیدەدایە ژێر پێی منداڵەکان، هەڕەشەی لێدەکردم تا نەهێڵێت هەڵبێم، وایدەزانی بەو رێگەیە دەتوانێ ناچارم بکات لەدەرسەکانیدا ئامادەبم، منیش بەردەوام هەوڵم دەدا لەخۆی و لەدەرسە وەڕسهێنەکانی دووربکەمەوە. نەمدەتوانی بۆ ماوەی دوو یان سێ کاتژمێر بەوشێوەیە بەرگە بگرم بۆ نووسینو وتنەوەی پیتەکان. بەرادەیەکی زۆر هەڵدەهاتم لەدەستیو دەسڵەمیمەوە. هەستێکم بۆ ئازادی هەبوو. ئازادی هەستکردنە، دەبێ هەستێکی وامان هەبێت کە ئێمە ئازادین. من دوچاری ئەو هەستە ببووم. بۆیە هەمیشە حەزم کردووە تەنها و ئازاد بم.

خۆم بەپەیوەندیی سێکسی لەگەڵ زەویدا راهێنابوو، دەستم بەو جۆرە پەیوەندییە دەکردو دەگەیشتمە ترۆپکی ئارەزوو و مەستی. بەراستی هێزی وزەی سێکسی شتێکی مەزنو سمینەرە. هەرگیز هیچ گرفتێکم لەگەڵ سێکسدا نەبووە. جەستە، سەبارەت بە من، وەك هەواو ئاو وابوو. ئەگەر ئێمە لەمێشکماندا ئازاد بین، ئەوا دەبێ لەجەستەشماندا ئازاد بین. خۆڕسکی دژی ئایینە، چونکە ئایین–یاسا دژی سروشتەو دژی مرۆڤیشە. ئەگەر ئازادی ماتریالیو هەستی نەبێت، ئەوا لەفیکرەیەکی ئەبستراکت زیاتر شتێکی تر نابێت. هەر شتێك کە پێم جوان بووبێت کردوومە، مۆراڵی رەها لەلای من بریتییە لەوەی بەهیچ شێوەیەك ئازاری ئەویدی نەدەیت.

منداڵیم لەگەڵ سروشتدا بەسەربرد، پەیوەندیی سێکسیم لەهەوای ئازاددا بوو، لەنێوەندی دەریاچەیەکی بچووك لەپشتی گوندەکەمان، ژنێك کە لەخۆم گەورەتر بوو، لەگەڕان و پیاسەکانمدا، یاوەریی دەکردم. لەتەمەنی دوانزە یان سیانزە ساڵیدا پرۆسەی خۆشەویستیم لەگەڵ سروشتدا تاقی کردەوە. گژوگیا و سێبەری درەختەکان سینەیان بۆ دەکردینەوە، ئەمە لەبەهاردا رەونەقێکی ئێجگار جوانی هەبوو. هەموو رۆژێك دەچوومە نێو ئەو سەوزاییە تازانەوە، خەیاڵی جەستەیەکی مێینەیم دەکرد کە لەگژوگیا و خڵتەی زەوی پێکهاتبوو. ئەو جەستەیە بۆ پەیوەندیی بەیەکگەیشتن زۆر

تەڕوپڕ بوو. بەخەیاڵێکی زۆرەوە پرۆسەی خۆشەویستیم دەکرد لەگەڵ ئەو گژوگیایە و لەگەڵ ئەو زەوییەی کە چەند فۆرم و شێوەیەکی خەیاڵیی وروژێنەری هەبوو.

دەشێت دایك، سەبارەت بەمن، بریتی بێت لەسروشت. بەڵام مخابن! هەموو ئەو شتانە ڕۆیشتن‌و نەمان. تێکنۆلۆژیای ئەم چەرخەی ئێمە ئەو زەمەنەی لەنێوبرد کەجوتیارێکی بچووکی وەکو من، مەستو کەیل دەبوو، کاتێك هەستی دەکرد پەتێکە لەچنینی ئەو شتەی بەسروشت ناودەبرێت.

ئەوە ئایین نەبوو منی بەرەو باوکم، پیاوی ئایین، ڕادەکێشا، بەڵکو ئەو دڵسۆزیو ئەو ڕەسەنایەتییە بوو کە لەئەودا هەبوون. قەت پێی نەوتووم ئەمە بکەو ئەوە مەکە، بەڵکو پێی دەوتم: "بەرلەوەی هەر شتێك بکەیتو بەرلەوەی تووشی هەر شتێك بیت، بیربکەوە، ئاسانە بڕیارێك وەربگریت، بەڵام پێش ئەو بڕیارە دەبێ بەقووڵی بیربکەیتەوە". ئەمانە ئەو قسانە بوون کە باوکم بەردەوام پێی دەوتم. لەڕاستیدا ئەو شتێکی جەوهەریی فێرکردم: ئازادانە ڕێگەی خۆمان هەڵبژێرین.

بەو شێوەیە، جەسارەتم پەیداکرد.

ناوێکم بۆ خۆم هەڵبژارد لەشوناسە ئایینییەکەم ڕزگاری کردم و، ئاسۆیەکی ناکاو و چاوەڕوان نەکراوی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، بۆ کردمەوە. تائێستاش لەخۆم دەپرسم چۆن توانیم لەم مەسەلەیەدا سەرکەوتوو بم. ئەم ناوە (ئەدۆنیس) لەناوەکەی خۆم (عەلی) ڕزگاری کردم، لەو ئینتیما کۆمەڵایەتییە داخراوەیش ڕزگاری کردم کە بەچەندین قفڵی ئایینی داخرا بوو. لەمیانی شوناسە نوێیەکەمەوە بەرامبەر بەهەموو شتێکی مرۆڤانە کرامەوە. من شوناسێکی ڕەهام هەڵبژارد. لەو هەڵبژاردنە بەدواوە چیدی شوناسێکی ئامادەکراو و پێشوەختە بڕیار لەسەر دراوم نەبوو.

ئەوکاتەی دەستم بەداهێنانی کاری ئەدەبی کرد، هەر لەوکاتەشدا بوو ئەو شوناسە نوێیەم خوڵقاند. لەسەرەتادا هوشیاریی ئەوەم نەبوو، پاشان لەسەر پێشکەوتنی نائاگاییم بەردەوام بووم تا گەیشتمە ئەو ئاستەی ئاگاییم تیایدا پەیدا کرد.

ئەم کاروانە بەرەو ئەوەی بردم کەبەردەوام بم لەدروستکردنی شوناسەکەم، لەو ئەزموونەیشەوە فێری ئەوە بووم کەدەبێ شوناس بخوڵقێنرێو بەردەوامیش بخوڵقێنرێتەوە، ئەمە لەگەڵ مەرگیشدا کۆتایی نایەت، بەتایبەتی کە یەکێك لەئێمە لەدوای خۆی شتێك بۆ پاش مەرگی جێدەهێڵێ.

لەپاش مردن، تێکستە نووسراوەکان کراوە دەبن بەرامبەر بەناکۆتایی. لەڕاستیدا زەمەن دەتوانێت سنوور بۆ ئەو تێکستانە دابنێت و بەردەوام دەستکاریی ئەو سنورانە

بکــات. شــوناس چیــیە جــگە لەبــزاوت و جــووڵانەوە، مــومکین نیــیە شــوناس ســتاتیك و جێگیر بێت.

ئێســـتاش، کە مـــن زۆر دوورم لەشوناســـە ئەســـڵییەکەم، هەوڵـــدەدەم ئەو ئـــازادییەم بگــوازمەوە بــۆ چوارچێــوەیەکی دی. خــۆم تەرخــان دەکەم بــۆ خوڵقانــدنی چەنــد بنەمــایەك بــۆ رۆشــنبیرییە عەرەبیــیەکەم بــۆئەوەی شــتی لەســەر بنیــات بنــێم. ئــارەزوویەکی گەورەم هەیە بۆ کرانەوەی رۆشنبیریی عەرەبی بەرامبەر ئەو چەشنە شوناسە ئازادە.

مــادامەکی لەلای ئــێمە هەمــوو شــتێك پابەنــدە بەئــایین، ئیــدی ئــایین هەژمــوونی بەســەر ســەرجەم ژیــانی ئــێمەدا هەیە. ئــایینی ئیســلامی تەنهــا ســرووت‌و عەقیــدە نیــیە، بەڵکــو زمانیشـــە. زمـــان رۆشـــنبیرییە، هەروەهـــا چەنـــد بەهایەکیشـــە. کەواتە باشـــتر وایە، لەمیانی ئازادبوونی تایبەتیی خۆمەوە، زمانیش ئازاد بکەم.

کاتێــك هەســتم بەوە کــرد کە ئــازادم، ئیــدی دەرکیشــم بەوە کــرد کە "مــن" تەنهــا لەمیــانی "ئەویــدی"یەوە دەتوانێــت خــۆی بناســێت. جــا بــۆئەوەی بەشــێوەیەکی باشــتر خــۆرهەڵات بناســم، دەبــوو لەخۆرئــاوا تێــبگەم. خۆرئــاوایش نەیــدەتوانی خــودی خــۆی بناســێت تەنهــا لەمیانی ناسینی خۆرهەڵات نەبێ.

شوناســی رۆشــنبیری، هەروەکــو ئەویــن و خۆشەویســتی، بــریتییە لەدیــالۆگ، بــریتیە لە هاوپەیمـــانیی نێـــوان "مـــن" و "ئەویـــدی". ئەویـــدی بـــۆ دیـــالۆگ و گفتوگـــۆ بەتەنهـــا پێداویســتییەك نیــیە، بەڵکــو تــوخمێکی پێکهێــنەری "من"یشــە. زمــان ئەو شــتەیە کە دەگــاتە زمانەکانی دی.

## بەشی دەیەم

# ئەوین و سێکس و داهێنان

کــاری سێکســی "نــاوك"ی گەردوونە. لەکــاری سێکســیدا ماتریــاڵ و رۆح پێکــدەگەن. مــادامەکی زێــی ئــافرەت ســێنتەری گەردوونە، کەواتە کــاری سێکســی یەکێتییەکــی پــتەو لەنێوان ئەم دوو دژەدا دروست دەکات: ماتریالیزمی جیهانو رۆحانییەتی جیهان .

جــگە لەکــاری سێکســی، بەبۆچــوونی مــن، هــیچ ئەزمــوونێکی دیــکە نیــیە بتوانێــت ئەم دوو دژە یەك بخــات. دەشــێت خەیــاڵی ئەوە بکەیــن کە جۆرێــك لەشــێتی ئەو یەکێتیــیە دابــین دەکـــات، بەڵام مـــن لەمەدا گومـــانم هەیە. شـــێتی لەگەڵ نامومکینـــدا بەریەك دەکەون، کەچــی کــاری گرنگــی ئەویــن، بەشــێوەیەکی دیــاریکراو، بــریتییە لەوەی کە نــامومکین بکات بە مومکین.

خۆشەویســتی کــردارێکە لەســەر ئەرزدا ئەنجــام دەدرێــت. خۆشەویســتی هەســتپێکراوو جەســتەییە. لەئەوینــدا چێــژی لەزەتێکــی هەســتی هەیە کە بە مەســتییەکی رۆحــی متــوربە کــراوە، مــومکین نیــیە لەدەرەوەی خۆشەویســتیدا لەم ئەزمــوونەدا بــژین، بــۆیە ئــێمە هەرگیــز نــاتوانین، بەشــێوەیەکی کامــڵو تەواو، تەعبیــر لەکــرداری ئەوینــداری بکەیــن. ئایا دەتوانین ئاگر بەدەستەوە بگرین. هەرگیز. بەڵام ئێمە لەئاگردا دەژین .

ئەوەی لەتەعبیرکــردن یــاخی دەبێــت زەحــمەتە تەعبیــری لێبکرێــت. تەعبیــری زارەکــی و وشــەکان پشــت بە دەرککــردن دەبەســتن. هەرشــتێك دەرکــی پێنەکرێــت وشــەکان نــاتوانن تەعبیری لێبکەن، ئەمەیە حاڵی داهێنانی ئەدەبی و شێوەکاری و مۆسیقی.

نـــاتوانم لەدەرەوەی "رۆحیـــی"دا "جەســـتەیی" ببیـــنم، ئـــێمە بەجەســـتە پرۆســـەی خۆشەویســتی نــاکەین، بەڵکــو بەرۆح ئەو پرۆســەیە ئەنجــام دەدەیــن مــادامەکی ئــێمە بەشــەرین، هەروەهــا مــادامەکی بــوونەوەری مرۆیــی لەیەك کاتــدا بــریتییە لە جەســتە و رۆح.

کــاری سێکســی وەك ئەوەیە تــۆ بەنێــو زوڵــمەت و تــاریکیی گەردوونــدا برۆیــت. بەڵام جەستەی مەعشوق، لەنێو ئەو تاریکییەدا، لەنورێکی پڕ لە رۆشنایی دەچێت.

ئەم (ئــافرەت-نــور)ە لەیەك کاتــدا (مەبەســت) و (ئــامراز)ە. لەســنوری کــاری سێکســیدا مەبەســتەو، بــۆ تێگەیشــتن لەنهێنــی گەردوون و هەســتکردنێکی قــووڵ بەو نهێنیــیە، ئامرازە.

نهێنیی گەردوونیش، لێرەدا، دەبێ شتێکی مرۆیی بێت، چونکە جەوهەری بوونەوەری مرۆیی بریتییە لەتێپەڕاندنی کۆتابوون. مرۆڤ بریتیە لەکۆتابوون، بەڵام لەم کۆتابوونەیدا ناکۆتایە، بەردەوامیش تێیدەپەڕێنێ، ئالێرەدا نهێنیی کاری سێکسی و نهێنیی خۆشەویستی دەدۆزینەوە.

لێرەدا، لەڕواڵەتدا، دوو جەستە هەیە، بەڵام لەقووڵاییدا، ئەوا کردەی خۆشەویستی مانای یەکبوونە لەگەڵ گەردووندا لەمیانی جەستەوە، ئەمە واتە یەکگرتن لەگەڵ جەوهەری گەردووندا.

پیاو خاوەنی کلیلەکانی نهێنیی ئەوین نییە.

بەڵکو ئافرەت خاوەنیەتی.

چونکە ئافرەت دایکە، زەوییە، کەواتە ئەو وەردەگرێ و هەروەها دەبەخشێ. بەڵام پیاو وەکو (با) وایە.

ژن زەوییە، کەواتە هەر ئەویش لەپیاو باشتر تێدەگات، هەر ئەویش لەپیاو زیاتر دەدا و دەبەخشێ.

کەواتە، ئەو، لەڕووی پرەنسیپەوە، هەمیشە لەسەر هەقە.

لەزەت، بەبێ شتێکی کارەساتبار، بوونی نییە، دیسان لێرەدا خۆشییەك نییە بەبێ ئازار، کەواتە بۆچی لە لوتکەی بەختیاری و خۆشیدا دەگرین؟

چێژی گەیشتن، هەمیشە تراژیدیانەیە، لەهەموو کردارێکی خۆشەویستیدا بۆنی مەرگ دێت، تارمایی مەرگ لەهەموو کردارێکی ئەوینداریدا دەردەکەوێت.

بۆنی مەرگ دێت، چونکە کرداری سێکسی بەهیچ شێوەیەك لەرابردووەوە نییە. کرداری سێکسی ئاییندەیە. ئاییندەیش بریتییە لەخودی مەرگ. لێرەوە ئەو شتەی کە کارەساتبار و تراژیدییە، لەچێژدا، لەچێژی سێکسیدا، هەڵدەقوڵێت. ژنی وا هەیە لەکاتی کرداری سێکسیدا پێت دەڵێت: "ئاه.. کوشتمت، ئاه.. مردم."

ژیان ئافرەتێکە هەمیشە ئاوسە بەمەرگ. غەریزەی سێکسیش، لەوێناکردنی مندا، لەجەوهەردا پەیوەستە بەمەرگ. ئێمە بەردەوام لەگۆڕاندایین. کاتێکیش دەگۆڕێین، بەزیندوویی دەمرین. بۆیە مردن لەئەزموون و نووسینەکانی مندا هەمیشە ئامادەیە. ئەو کەسەی هەست بەمردن نەکات مومکین نییە هەست بەژیان بکات. جا بۆئەوەی ژیانێکی باشتر بژین، دەبێ هەستێکی قووڵمان بەمەرگ هەبێت. مومکین نییە دوو جەستە دووجار لەتەنیشتی یەکتر بنوون، چونکە دەگۆڕێن.

ئەگەر لێرەدا حاڵەتێك هەبێت تیایدا ژیان و مردن وەك دوو دژ دەرنەكەون، ئەوا ئەو حاڵەتە برتییە لەچێژی پێكگەیشتنی عەشقامێز (عاشقانە). داهێنانیش كرداریكە لەكردارەكانی خۆشەویستی، لەوێشدا ژیان و مردن وەك دوو دژ دەرناكەون.

بۆچی خۆشەویستی بەردەوام نابێت؟ ئاخۆ لەبەرئەوەی جەستەیەكی تایبەت بەجەستەیەكی دی بەس نییە بۆ بەردەوامبوونی خۆشەویستی؟ ئەگەر تۆ بۆماوەی دە ساڵ تەنها یەك جەستەت خۆشویست، ئەوسا خۆشەویستی دەبێ بەعادەت. ئەوسا خۆشەویستیی هاوسەرگیری و ماڵ و مناڵ جگە لەدامەزراو شتێكی تر نین. بەڵام خۆشەویستی (یاخود ئەوین)، بەبێ هیچ زیادەیەك، بریتییە لەنور و رۆشنایی. ئەوین گەرانێكە لەپێناو بینینێكی باشترو، لەپێناو گوزەرانێكی باشتر. چۆن بتوانین ببین بەدوو كەسی عاشق و هاورێ؟ چۆن دوو عاشق دەشێت ببن بەدوو عاشقی هاوسەرگیر؟ پاشان هاوكات ببن بەدوو هاورێی یەكدی؟ چۆن؟ دەشێت وابن ئەگەر ئەم دوو عاشقە هاوسەرگیرە بەسەر ناكۆتادا بكرێنەوە، ئەگەر هیچ یەكێكیان شت لەویدی نەشارێتەوەو هەموو شتێك بەیەكدی بڵێن. بەڵام من هەرگیز ژن و مێردی لەو چەشنەم نەبینیوە. لەنێو هاوسەرگیرەكاندا ژیانی پیرۆز بوونی نییە، ئەی باشە ئەو ژیانە عاشقانەیە چ مانایەكی هەیە كە "درۆ" بەرێوەی دەبات؟ ئەمە چ ژیانێكە؟

من وای بۆدەچم كە جەستەی ژنێك یان جەستەی پیاوێك هەمیشە وەكو لوغزێك دەمێنێتەوە.

نە فرۆید و نە یۆنگ و نەلاكان كەسیان هەرگیز دەستیان بۆ ئەم نهێنییە نەبرد. ئەمەش شتێكی باشە. چونكە تێگەیشتن لەجەست وەك تێگەیشتنێكی كۆتایی و یەكلاكەرەوە، دژی خودی جەستەیە. من وایدەبینم جەستەی مرۆیی هەمیشە یاخییە لەتێگەیشتن و ناسینێكی كۆتایی. جەستە بریتییە لەتاریكی و، نادیار و، بریتییە لە شەو.

هەمیشە جەستەیەكی مرۆیی چاوەرێ دەكات بناسرێت، یان بناسێنرێت، چاوەرێ دەكات كەشف بكرێت، چونكە توانای ئەوەی هەیە هەموو رۆژێ سەرلەنوێ لەدایك بێتەوە. جەستە بۆ یەكجار و تا هەتایە لەدایك نابێت، بەڵكو لە لەدایكبونێكی نوێ و بەردەوامدایە، تەنانەت لەقۆناغی پیریشدا. بەڵام ئایین هەموو ئەو شتانەی ئیدانە كردووە، بگرە كوشتویەتی.

جەستە، لەهەمان كاتدا، ئەكتەرێكە لەسەر شانۆ. سەرجەمی رووداوەكان لەمیانی جەستەوە تێدەپەرن. جەستە لەهەموو رووداوێكدا دەژی و بەشداری لەهەموو

ڕووداوێکیشـــدا دەکـــات. جەســـتە لەیەك کاتـــدا هەم بـــرینەو هەم ئەو چەقـــۆیەیە کە برینداری دەکات. بۆیە دەبێ جەستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

جەستە هەمیشـە چـاوەڕێی سـەرلەنوێ داڕشـتنەوەیە. دەبـێ هەوڵ بـدەین بەنیگـایەکی تـر سـەیری جەسـتە بکەیـن، دوور لەکلێشـەکان و، دوور لەنەریـتە ئاینییەکـان و، دوور لەفیکـر و زانسـتە سۆسـیۆلۆژییەکان و، دوور لەحەز و هەڵچـوونە سێکسـییەکان و، دوور لەشیکردنەوە دەروونییەکان.

دەبـێ تەماشـاکردنی جەسـتە نـوێ بکـرێتەوە، بەتـایبەتی ئـێمە ئەمـڕۆ جەسـتەیەکی ئەلیکترۆنیمـان داهێنـاوە کە لەڕوخسـار و شـێوەی دەرەوەیـدا لەجەسـتەی مرۆیـی دەچێـت. ئەی لەنـاوەوە؟ مـومکین نیـیە جەسـتەیەکی دروسـتکراو بتوانێـت شـوێنی جەسـتەیەك بگـرێتەوە کە سروشـت دایهێنـاوە. دەشـێت رۆژێـك بێـت جەسـتەی ئەلیکترۆنـی بتـوانێ بگـری و پێبکەنـی، بەڵام هەرگیـز ناتوانێـت پرۆسـەی خۆشەویستی و ئەوین بکات.

مرۆڤـی ئەلیکترۆنـی و لەئامێردروسـتکراو ناتوانێـت خۆشەویسـتی بکـات، دەتوانێـت بەکەسـێکەوە پەیوەسـت بێـت، بـۆ نمـوونە بەو کەسـەی فەرمـانی پێـدەك او ئەویـش بەگـوێرایەڵی کارەکـانی بـۆ جێبەجـێ دەکـات، بەڵام بێتوانـایە لەپەیوەسـت بـوون بەجەسـتەیەکی دیـکەوە لەمیـانی کردارێکـی جەوهەریـی وەکـو کـرداری سێکسـی، وەکـو کرداری ئەوین و خۆشەویستی.

مـن لەو کەسـانە تێنـاگەم کە دەڵـێن کـرداری سێکسـی، ئـافرەت لەدەسـەڵاتەکەی دەهێنێـتە خـوارەوە. ئەگەر بەڕاسـتی ئافرەتێکمـان خـۆش بوێـت، ئەوا دەبـێ بەقـووڵی تێـی بگەیـن، دەبـێ بە باشـترین شـێوە پەیوەسـت بـین پێـوەی، بێگومـان کـرداری سێکسـیش لەم پەیوەنـدیکردنەدا یارمەتیمـان دەدات. سـا ئەگەر جەسـتەم هـاوڕێی جەسـتەی ئافرەتێـك بێت، ئەوا بەراستی دەتوانم ببم بەهاوڕێی ئەو ئافرەتەی خۆشم دەوێ.

خۆشەویسـتی هەمیشـە دەمانخـاتە حـاڵەتی بێـدارییەوە، بەڵام ئاسـان نیـیە لەم حـاڵەتی بێـدارییەدا بمێنیـنەوە، زۆربەی خەڵکـی بەرگەی ئەمە نـاگرن. پتـر حەز دەکەن لەحاڵەتی بێهۆشی و غافڵیدا بژین.

جەسـتەیەکی مێینەیـی، سـەبارەت بەپیـاو، دەوڵەمەنـدییەکی ئێجگـار گەورەیە. دوا خەونـی پیـاو بـرتییە لە خاوەنـدارێتی جەسـتەیەکی مێنەیـی. ئەگەر پیـاو لەمەدا شکسـت بهێنـێ و واز لەو ژنە بهێنێـت و بچێـتە لای ژنێکـی تـر و جەسـتەیەکی مێینەیـی نـوێ بکـات بەمـوڵکی خـۆی، ئەمە لەڕاسـتیدا بەهـۆی (دۆنجـوان)یـی ئەو کەسـەوە نیـیە، دیسـان

بەهـــۆی ڕاڕایـــی و ناســـەقامگیری و بەهـــۆی ئـــارەزووی سێکســـییەوە نیـــیە. بەڵکـــو بەســـادەیی لەبەرئەوەیە پیـــاوەکە ئامـــادەیی تیـــا نیـــیە کە جەســـتەیەکی مێینەیـــی بکـــات بەمـولّکی خـۆی. ئەو ناتوانێـت بەبـێ جەسـتەی ئەویـدی بـژی. بەمجـۆرە هەمیشـە دەبێـتە دیلی گەڕان بەدوای جەستەیەك کە هەست و بوونی پێ ببەخشێت.

مـارلۆ لەپێشـەکیی ڕۆمـانی "دۆسـتی لەیـدی چـاترلی"دا دەڵێـت: "ئـافرەت هەسـتێکی وای هەیە کە بـوونی خـۆی لەنـاو ئەنـدامی سێکسـییدایە". منـیش دەڵـێم هەسـت کـردن بەبـوون لەلای پیـاو دەبـێ زێـی ئـافرەت (واتە ئەنـدامی سێکسـیی ئـافرەت) لەخـۆ بگرێـت، بەبـێ ئەمە، بەفیعلی هەست بەبوونی خۆی ناکات.

کەسـێکت خۆشـبوێت، ئەمە پێویسـتیی بە خۆئامـادەکردنێکی بـاش هەیە. خۆشەویسـتی ڕۆشـنبیرییەکی ڕاسـتەقینەیە. دەبـێ مـرۆ بەهـرەدار بێـت بـۆئەوەی بتـوانێ خۆشەویسـتی بکات. بۆیە دەبینین ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك خۆشەویستی ناکەن.

پیاوێـك یـان ژنێـك ژیـانی خۆیـان بەویـدی ببەخشـن، کاتێـك هەریەکێکیـان مەعشـوقەکەی جێـدەهێڵێ و لەشـوێنێکی دی لەگەڵ یەکێکـی دی دەنـوێ و خۆشەویسـتی دەکـات، پاشـان لەدوای سـاڵێك یـان دوو سـاڵ دەگەڕێـتەوە بـۆ لای یەکەمـین مەعشـوق، ئەوسـا ناتوانێـت نە یەکەم مەعشوق و نەدووەم مەعشوقی خۆشبوێت.

مـــن بـــاوەڕم وایە خۆشەویســـتی لەگوڵێـــك دەچـــێ، مـــومکین نیـــیە بۆمـــاوەیەکی درێـــژ بەردەوام بێـــت. بـــۆیە دەبـــێ خۆشەویستیشـــمان خۆشـــبوێت، دەبـــێ بەردەوام خۆشەویســـتی و ئەویـــن بخـــولّقێنین و ســـەرلەنوێ بیخـــولّقێنینەوە، ئەگەر ژن و پیاوێـــك گەیشـــتنە ئەو ئاســـتە لەخۆشەویســـتی و بتـــوانن ئەویـــن بخـــولّقێنن و بەردەوامـــیش بیخـــولّقێننەوە، ئەوســـا دەشـــێت ئەم ئەویـــن و خۆشەویســـتییە بەردەام بێـــت. بەڵام ئەگەر پـــێ لەســـەر ئەو ئەویـــنە دانەگـــرن ئەوا بەرەو نەمـــان دەچـــێ، ئەوســـا هەریەکەیـــان هەوڵـــدەدات ئەوینێکـــی تـــر و خۆشەویســـتێکی تـــر بـــدۆزێتەوە، چـــونکە نـــاتوانن بەبـــێ خۆشەویستی بژین.

بەڵام بەهـۆی گەرمبـوون و تونـدبوونی خۆشەویسـتییەوە دەشـێت بمـرین، کە بشـمرین، واتە چیدی خۆشەویستی ناکەین.

ئـێمە ئەمـڕۆ لەجیهانێکـدا دەژیـن خـۆی وا دەردەخـات کەخۆشەویسـتی دەکـات، ئەم جیهانەی ئێمە تەنها ئەوە دەزانێ خۆی وا نیشان بدات.

ئـێمە لەکۆمەڵگایەکـدا دەژیـن، لەهەمـوو چرکەسـاتێکدا شـتە ئینسـانییەکان دەکوژێـت، کـــاتێکیش شـــتە جوانەکـــانی مـــرۆڤ دەکوژرێـــت، ئەمە واتە داهێنـــان دەکوژرێـــت.

لەکۆمەڵگاکانی ئێمەدا هەموو ئەو نشوستییانەی لەپەیوەندیی نێوان ژن و پیاودا دەبینین، لەئایدیۆلۆژیای خاوەنداریێتیەوە سەرهەڵدەدات، لەململانێ لەسەر پارە و لەکینی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدات. ئەمجۆرە کۆمەڵگایە، کۆمەڵگایەکە دژی خۆشەویستییە، دژی هەستیاریی مرۆڤایەتییە. ئەم چەشنە کۆمەڵگایە، کە لەهەموو کیشوەرەکاندا بوونی هەیە، بەداپڵۆساوی دەژی.

هیچ پیاوێك ناتوانێت، بەبێ ژن، بوونی خۆی دابین بکات. خۆ ئەگەر دوورتر بڕۆم، دەڵێم: پیاو پتر کۆت و بەند کراوە نەك ژن. پیاو بەکۆتوبەندێکی دووسەرە کۆت کراوە، چونکە پیاو رێبەریی کۆمەڵگە دەکات و بەڕێوەی دەبات، چونکە هەر ئەو کۆمەڵگایەیە کەپیاو بێبەش دەکات لەدامەزراندنی پەیوەندییەکی جەوهەری لەگەڵ ئافرەتدا. بۆیە پێدەچێ پیاو، خەریکە جەستەی خۆی لەدەست دەدات، بەڵێ، تەنانەت جەستەیشی.

هەر جەستەیەك لەجەستەکان بریتییە لەئارەزوویەکی گەورە، بریتییە لەگەڕان بەدوای خود. ئەو دابەشبونەیش کەئایین بە (جەستەرۆح) ناوی دەبات. دابەشبوونێکی ساختەو ناچیزەیە. لەڕاستیدا جەستە شتێکی دەستلێدراو و هەستپێکراوە.

جەستە لایەنی ماتریالیی جیهانە. کەواتە هەر ئەویشە وا لەرۆح دەکات لەگەڕانێکی هەمیشەییدا بێت.

هەموو جەستەیەك یاسای خۆی هەیە. هەموو پێکگەیشتنێك و هەموو ئەوینێك شتێکی ناوازە و بێهاوتایە، جەستە پێویستیی بەژمارەیەکی زۆری جەستەی دی هەیە، نەك لەپێناو دابینکردنی خود، هەروەها نەك بۆ تێرکردنی پێداویستی، بەڵکو لەپێناوی ئەوەی خودی خۆی بناسێت.

ئێمە یەك جار و بۆ هەتا هەتایە ژیانمان پێدەدرێت، بۆیە دەبێ ئەو ژیانە بژین. بەڵام ئێمە ناتوانین بژین تەنها بەجەستە نەبێ. ئەوەیشی کەبەکرداری سێکسی ناوی دەبەم بریتییە لەهاوڕێیەتی نێوان دوو جەستە. بۆیە پێویستە ئەو کردارە سێکسییە بەجۆرێك تەئویل بکرێت بەسیفەتی ئەوەی کردارێکی بیرلێکراوەیە، کردارێکە پڕە لەژیان، دەبێ هەریەکە لەو دوو جەستەیە بیر لەیەکدی بکەنەوە.

بەپێی ئایین، ئەگەر ئێمە لەدەرەوەی رێنیوێنییەکانی مزگەوت یان کڵێسە یان کنێست لەگەڵ ئافرەتێك بخەوین، ئەمە کارێکی خراپە، بەڵام ئەگەر بەپێی یاسا و

ئامۆژگارییەکانی مزگەوت و کڵێسە و کنێست ئەو کارەمان کرد، ئەوا ئەمەیان کارێکی چاکە، وەك بڵێی ئایین لەبنەڕەتدا بۆ کۆیلەکردنی ئینسان خوڵقابێت.

کاتێك ئێمە خۆشەویستی دەکەین، یان پرۆسەی کردارێکی سێکسی/خۆشەویستی دەکەین، هیچ گوناهێك لەمەدا نییە.

کرداری سێکسی مەزنترین و بێهاوتاترین کردارە لەژیانی ئێمەدا، چونکە تاکە کردارێکە نازانین ئاخۆ زیندووین یان مردووین. ژیان و مردن، لەیەکگرتنی دوو ئەندامی سێکسیدا، ئاوێزانی یەکدی دەبن.

من وەکو شاعیرێك، لەگەڵ زماندا دەنووم، وا هەست دەکەم زمان ئەڤینی منە، هەست بەوە دەکەم کە هەر وشەیەك ئافرەتێکە، یان ئارەزوویەکی سێکسییە، هەموو وشەیەك خۆشەویستییە. هەموو ئەمانە پەیوەستن بەچالاکیی سێکسییەوە. چونکە یەکێتی، بەمانا هەرە باڵاکەی، یەکێتییەکە لەمیانی پێکگەیشتنی سێکسییەوە دێتە دی. کەواتە شیعریش بریتییە لەکرداری سێکسی.

سێکس هەموو شتێك نییە، بەڵام ژیان بەبێ پێکگەیشتنی سێکسی چێژی نامێنێت، ئەم پێکگەیشتنە وەك خۆرەتاو و وەك هەناسە وایە.

لەمیانی خۆشەویستی و پێکگەیشتندا جەستەیەك لەجەستەیەکی دی ناچێت، جەستەی ئافرەتێك هەمیشە دونیایەکی تازەیە، بەردەوام ئامادەی کەشفکردنە. کاری سێکسیش هەمیشە سەرەتای دەستپێکردنە، هەمیشە سەرەتایە.

کاتێك پرۆسەی خۆشەویستی (یان کرداری سێکسی) ئەنجام دەدەیت، وا هەست دەکەیت کە تۆ زیندوویت و بەڕاستی دەمریت، کە دەشمریت بەڕاستی زیندوو دەبیتەوە. نە داهێنان و نە شیعر ناتوانن ئەم (هەستکردن بەنەمری)یە، ببەخشن.

کاتێك دەچیتە ناو ئەویترەوە، وا هەست دەکەیت دەچیتە ناوە بێکۆتاوە. هەست دەکەیت لەناو جەستەیەکی دیکەدایت لەجەستەی تۆ ناچێت و ئەو جەستەیە جەستەی تۆیشە، ئیدی تۆ لەو چرکەیەدا خودی خۆت نیت. ئەمە چرکەی هەستکردنی مرۆڤە بەداماڵین لەخاوەندارێتی بێئەوەی لەخاوەندارێتی شوناسەکەی خۆی دابماڵرێت.

کاتێك لەناو جەستەی مەعشوقەکەمدا دەمرم، هەستدەکەم لەهەموو رۆژێ زیاتر پڕم لەژیان. من ئەم هەستە تەنها لەپێکگەیشتنی سێکسیدا ئەزموون دەکەم. لێرەوە بایەخی ئەو زمانە فیزییکیەی جەستەی مەعشوق، دەردەکەوێت. کەسێك ئەو هەستە ئەزموون نەکات، شنەبای ژیان بەجەستەیدا ناڕوات. چونکە جەستەی ئەو کەسە

جەستەی نەریت یان جەستەی کۆمەڵایەتی یاخود جەستەیەکی ئەبستراکتییە، بەڵام جەستەیەکی زیندوو نییە.

زۆر دەگمەنن ئەو بونەوەرە مرۆییانەی بەڕاستی لەو چەشنە پێکگەیشتنە سێکسییەدا دەژین کە لەنێو یەکدیدا دەتوێنەوە. ئەوانیدی لەپێکگەیشتنێکی شێوێینراو و گەندەڵدا دەژین، ئەمەیە کرداری ئاژەڵی، یان ئامێری، کە تەنها وەکو عادەتێك ئەنجامی دەدەن.

لەنێوان یەزدان و شەیتاندا داوێك هەیە. لەنێوان فریشتە و شەیتانیشدا داوێکی زۆر باریك هەیە. بەڵام لەنێوان ئەو پێکگەیشتنە سێکسییەی من باسی دەکەم و نێوان ئەو کارە سێکسییە ئاژەڵییە باوەدا، بۆشاییەکی گەورە هەیە، ئەستەمە تەجاوز بکرێت و ئەستەمیشە بچیتە ئەو بۆشاییەوە.

خۆشەویستی بکەیت، ئەمە هونەرێکی باڵایە، چونکە زانینی نادیار (مەجهول) هونەرە. ئەگەر هەموو کونوقوژبنەکانی جەستەی مەعشوقەکەت کەشف بکەیت، ئەمە واتە تۆ بێکۆتا کەشف دەکەیت. چونکە جەستەی ئافرەت کیشوەرێکە تەواو نابێت.

بۆماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ جەستەیەکدا بژیت، هەموو وردەکارییەکانی دەزانیت. هەموو رۆژێك ئەو گۆشتە بەتازەیی دەبینیت، ئەم جەستەیە یەك جەستەیە و هەمیشە جەستەیەکی تریشە. ئەمەیە شوناسی جەوهەری. لەڕاستیدا جەستەی مرۆیی و شوناسەکەی، لەمیانی خۆشەویستیدا، دوو جەستەن، هەروەکو "من" و جیهان، بەبێ جیهان شوناس بوونی نییە. جەستە هەمیشە دوو جەستەیە.

هەژاری و دژواریی شارستانیەتی ئێمە ناگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی جەستە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شێواویی پەیوەندیی سێکسی. کاری سێکسی بەشێکی گەورەی پەیوەندیی نێوان دوو جەستە پێکدەهێنێت، ئەمە ترۆپکی گەشتێکی سەختە کەدوو کەس دەچنە نێو نهێنیی گۆشتەوە. لەبەرئەوە سووککردنی پەیوەندیی سێکسی دابڕانیەتی لەکولتورێکی تەواو، دابڕانیەتی لەهەموو شارستانیەتی جەستە.

لێرەدا تێڕوانینێك بۆ کاری سێکسی هەیە، بەسیفەتی ئەوەی کاری سێکسی، لەخۆیدا، ئامانجە، لەکاتێکدا ئەم کارە بەشێك لەگشت پێکدەهێنێت، و پەیوەستیشە بەچارەنووسی بەشەر و گەردوون و، بەتراژیدیای ئینسان کە هەمیشە مەرگ خۆی بۆ ئامادە کردووە.

کــاری سێکســی قەدەری مــرۆڤ لانابــات، مــرۆڤ لەنێــو دەچێــت، و هەرگیــز ناتوانێــت لەقەدەری خــۆی هەڵبێــت، بەڵام پێکگەیشــتنی نێــوان دوو عاشــق رێــگە بــۆ وەرگرتنــی ژیانێك دەکاتەوە ئەگەر درێژتریش نەبێت ئەوا لانیکەم خۆشنوودتر و دەوڵەمەندترە.

یەکێتیــی سێکســیی نێــوان ژن و پیــاو بــریتییە لەژیــان بەمانــا هەرە راســتەقینەو هەرە فــراوانەکەی. مــن چێــژی سێکســی لەو شــعورە جیانــاکەمەوە کە زوو بێــت یــان درەنــگ لەو چــرکەیەدا دەبــم بەتــۆز و خــۆڵ. مــن هەمــوو رۆژێ وردە وردە دەمــرم، کەواتە کەخۆشەویســتی دەکەم واتە هەمــوو رۆژێ بەشــێك لەژیــان بەدەســت دەهێــنم و لەچنگــی مردن دەریدەهێنم.

جــا بــۆئەوەی دوو جەســتە یەکبگــرن، ئەوا دەبــێ هەســتێکی بڵنــدیان هەبێــت. یەزدان مرۆڤــی لەشــێوەی خــۆی خولقانــدووە. کەواتە مــرۆڤ نــاوکی گەردوونە. بەڵام مــن بــاوەڕم وا نیــیە خــولقێنەر خــۆی ئەم شــتەی لەبــارەی خــۆیەوە وتبــێ، بەڵکــو ئینســان ئەمەی وتــووە. دەوترێــت بــۆ گەیشــتن بەو شــتەی پێــی دەوتــرێ خــودا، هەر دەبــێ بەئافرەتدا تێپەڕینو، کۆششێکی بێشومار بکەین بۆ بەدەستهێنانی رۆشنبیرییەکی باڵا.

تــۆ ئەوکــاتە دەبیــت بەئینســان کە هوشــیاریت بەلایەنــی مرۆڤــایەتیی سروشــتی خــۆت هەبــێ. وشــیار بیــت بەوەی کەتــۆ ئــاژەڵ نیــت. کەواتە بــۆئەوەی خــاوەنی پێکگەیشــتنێکی سێکســی بیــت لەئاســتی مەزنیــی مرۆڤایەتیــدا، ئەوا دەبــێ رۆحێکــی مەزنو، بینینێکــی مەزنو، داهێنــانێکی مەزنــت هەبــێ. بەڵام هەمــوو مرۆڤێــك ئەمەی لەبەردەســتدا نیــیە و هەمــوو کەســێك ناتوانێــت بگــاتە ئەو ئاســتە لە وشــیاری. ئەمە جــۆرێکە لەســەرکەوتن بەرەو ترۆپکــی بــوون، بــوونەوەرە مرۆڤایەتییەکــانیش لەســەرکەوتندا یەکســان نــین. بەم مانایە دەڵێم خۆشەویستی داهێنانە.

ئەگەر ویســتت بەدوای خــولقێنەردا بگەڕێیــت، ئەوا لەمیــانی ئــافرەتەوە بــۆی بچــۆ. ئافرەت ئەو نورەیە ئاسمان بەزەوی دەگەیەنێت.

بــۆئەوەی بگەیــت بەجەوهەری گەردوون، دەبــێ بەئافرەتــدا تێپەڕیــت، واتە بەئەویــن و خۆشەویستیدا تێپەڕیت.

روخانــدنی جەوهەری ئینســانی لەوکــاتەوە دەســتی پێکــرد کە مــرۆڤ بــۆ جەســتە و رۆح دابەش کــرا. ئەم دابەشــکردنەیش ئــایین کردوویەتــی. مــن بەهەمــوو شــێوەیەك دژی ئەم دابەشکردنەم.

لێــرەدا چەنــد دابەشــکردنێکی دیــکە هەیە، وەك ئەو دابەشــکردنەی کە بەئەقــڵ و دڵ ناودەبرێت.

بەڵام بــوونەوەری مرۆیــی، بەبۆچــوونی مــن، گشــتێکە دابەشــبوون قبــوڵ ناکــات. لەنێــو جەســتەی مرۆڤــدا هــیچ پێوەرێــك نیــیە بڵێــت: لێــرە دڵ دەســت پێــدەکاتو، لێــرەش ئەقــڵ دەســت پێــدەکاتو، لێــرەیش شــعوری دینــی دەســت پێــدەکات. ئەمە شــتێك نیــیە جــگە لە ســـادەگۆییەك بـــۆ ئاســـانکردنی شـــیکردنەوەیەکی دیـــاریکراو، نەك لەپێنـــاوی وتنـــی حەقــیقەت. حەقــیقەت ئەوەیە کە بــوونەوەری مرۆیــی دابەشــبوون قبــوڵ ناکــات. ئەقــڵ لەمیانی دڵەوە تێدەپەڕێت و دڵیش لەمیانی ئەقڵەوە.

## بەشی یانزەیەم

# کۆتایی

## کەواتە..؟

کــارکردن، ئەگەر لێــرەدا کــار هەبێــت، پێویســتە خەون بێــت، تەنــانەت دەســتیش خەونــی خوڵقانــدووە. کەواتە نابێــت خەون لەژیــانی عەمەلــی جیــابکرێتەوە. ئەوەی کە ڕەخــنەی لێــدەگرین بــریتیە لەوەی کە دەســتیش بــووە بەئــامێرێکی دی لەبــری ئەوەی ببێــت بەخەونێکی نوێ.

خەیـــاڵی ئەوە دەکەم کە لەناوەوەمـــدا، خـــودی مـــن دوژمـــنمە، وەك بڵێـــی دابەشـــبوومە بەســـەر دوودا. لایەنــی دوژمــن تیامــدا لەگەڵ لایەنــی دۆســت قســە دەکــات، هەردووکیــان گفتوگۆ دەکەن.

کەواتە ئەو دوژمـــنە بەتەنهـــا دوژمنێکـــی دەرەکـــی نیـــیە. دەشـــێت دوژمنـــی دەرەکـــی دوژمنێکـــی لاواز بێـــت و هـــیچ گـــرنگییەك نەوروژێنێـــت. ئەوەی کە گرنگـــی دەوروژێنێـــت ئەو دوژمـــنەیە لەناوەوەمانـــدا خـــۆی مەڵاس داوە، واتە خۆمـــانین. بەڵام مــن بەدوژمنەکــانم دەڵــێم بەجــێم مەهــێڵن، ئێــوەیش هــاوڕێی مــنن، کە ئەمــانیش لەنــاوەوەی مندا ژمارەیان زۆرە. من پێیان دەڵێم :

بمێنــــنەوە! مەڕۆن! لەواقیعــدا ئەوەی کە لە کولتــوری بــاوی ئــێمەدا شــوێنی نیگەرانیــیە ئەوەیە کە تەنهــا دوژمنــانی گەمــژە و نەزان لەخۆدەگرێــت! لەکاتێکــدا ئــێمە پێویســتیمان بەدوژمنانی ژیرو وریا هەیە.

داهێنەرێکــی مەزن پێویســتیی بەدوژمنێکــی مەزن هەیە. دەبــێ ئەو دوژمــنە لەئاســتی جەنگــدا بێــت. کەچــی دوژمنــانی ئێســتا، بەداخەوە، بەزۆری دوژمنــانی بچــوك و نــاچیزەن. لەڕاســتیدا ئەوانە هــیچ نــین، ئەمەش لەئاســتی رۆشــنبیری و لەئاســتی دیــالۆگ کەم دەکاتەوە.

دوژمــنە مەزنەکــانی دەرەوە و نــاوەوە لەناســینی خــودی خۆتــدا بەشــێوەیەکی باشــتر یارمەتیت دەدەن، دەشتوانن چەند ئاسۆیەکی تر بۆ فیکرت بکەنەوە. بۆیە من دەڵێم: با دوژمنە مەزنەکانم زۆر بن.

**کورتەی ژیان و بەرهەمەکانی ئەدۆنیس**

نــاوی تەواوی (عەلــی ئەحــمەد ســەعید ئیســبر)، لەســەرەتای مــانگی کــانوونی دووەمــی ســــاڵی (1930) لە گونــــدی (قصــــابین)ی ســــەر بە شــــاری لازقیــــیە لە ســــووریا لە دایکبــووە، لە تۆمــاری ڕەســمیدا ڕۆژی لە دایکبــوونی 1930/9/14 نووســراوە، لەســەر دەســتی بــاوکی کە شــاعیرێکی سۆفیســت بــووە، فێــری خوێنــدەواری بــووە، پاشــان لە قوتابخــانەی (لاییــك) خوێنــدوویەتی و قۆنــاغی ناوەندیشــی لە ئەنتــاکیە تەواو کــردووە، لە ســاڵی (1946) کە لە پــۆلی پێنجەمــی دواناوەنــدی بــوو، پەیوەنــدیی کــردووە بە حزبــی نەتەوەیــی ســووری، لەو کاتــانەدا دەســتی بەنووســینی شــیعر کــردووە، لە ســاڵی (1948)دا نــاوی (ئەدۆنــیس)ی بــۆ خــۆی هەڵبــژارد، لە ســاڵانی چلەکانــدا هەنــدێك شــیعری لە گۆڤــاری (القیثــارة) بڵاوکــردەوە، لە ســاڵی (1950)دا (خالیــدە ســەعید)ی لە دیمەشــق ناســی کە دواتــر بــوو بە خێزانــی، لە ســاڵی (1954) دیــوانە شــیعری (قالــت الأرض)ی چــاپکرد. لە زانکــۆی دیمەشــقدا بەشــی فەلســەفەی تەواوکــردو پاشــان

ماجستێری بەدەست هێنا، بابەتی ماستەرەکەی بەناوی (الهو هو عند المکزون النجاری) کە شاعیرێکی هاوچەرخی (ابن الفارض) بووە، (الهو هو) تەعبیرێکی سۆفیگەرانەیەو واتای (مانا) و (وێنە) دەگەیەنێت.

لە ساڵی (1954) بەهۆی ئەندامبوونی لە حزبی سووری نەتەوەیی، خرایە زیندانەوە، هەروەها خالیدە سەعیدی خێزانیشی هەر لەو ساڵەدا خرایە زیندانەوە، لە ساڵی (1956) لە زیندان ئازاد کران و بەرەو بەیرووت رۆیشتن، لەوێدا یوسف الخالی ناسی کە لە نیویۆرك هاتبووەوەو پێکەوە گۆڤاری (شیعر) یان دەرکرد، لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری شیعرو لە ساڵی (1957)دا ئەدۆنیس شانۆنامەیەکی شیعریی کورتی بەناوی (مجنون بین الموتی)ی بڵاوکردەوە، هەر لەو ساڵەشدا لە بەیرووت بەدر شاکر سەیابی ناسی.

ئەدۆنیس لە بەیرووتدا ژیانێکی شیعری و ڕۆشنبیریی نوێی دەستپێکرد، بەمجۆرە لە گۆڤاری (شیعر)دا بەردەوام شیعرو بابەتی دیکەی دەنووسی و خۆی بەکاری وەرگێڕانەوە خەریك دەکرد، لە ساڵی (1957) دیوانی (قصائد اولی)ی چاپکرد.

ئەدۆنیس لە هیچ شوێنێکی ڕەسمیدا وەك فەرمانبەر دانەمەزراوە، لە ساڵی (1958) لەگەڵ حەلیم بەرەکات و عادل زاهیر گۆڤاری (آفاق)یان دامەزراند، هەر لەو ساڵەشدا دیوانە شیعری (أوراق فی الریح)ی بەچاپ گەیاند، لە ساڵی (1960) مینحەیەکی لە حکومەتی فەڕەنسی دەستکەوت تا بۆ ماوەی ساڵێك لە پاریسدا بژی، لە پاریسدا لە نزیکەوە بزاوتی شیعری و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵێك شاعیری ناسی، لەوانە : هێنری میشۆ، تریستان تزارا، پێیر ئیمانۆئێل، ئیف بۆنفوا، ئۆکتاڤیۆپاز، پێیرجان جوف، جاك بریڤێر، پۆل سیلان، میشێل دۆکی، زۆربەی شیعری ئەم شاعیرانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە گۆڤاری (شیعر)دا بڵاوی کردوونەتەوە.

لە ساڵی (1961) لە بەیرووت کۆمەڵە شیعری (أغانی مهیار الدمشقی) ی چاپکردو هەر لەو ساڵەدا چووە ئیتالیا تا بەشداری لە کۆنگرەی ڕۆمادا بکات و لەوێدا بابەتێکی بەناونیشانی (شیعری عەرەبی و گرفتی نوێکردنەوە) پێشکەشکرد، لە بەهاری ساڵی (1963)دا لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شیعر) بوو بە ناکۆکییان و لێیان جودا بووەوە، لە ساڵی (1965) دیوانی (کتاب التحولات والهجرە فی اقالیم النهار واللیل)ی چاپکرد. لە ساڵی (1968)دا گۆڤاری (مواقف)ی دامەزراند کە هەر لەو ساڵەدا دیوانە شیعری (المسرح و المرایا)ی چاپکرد .

له ســاڵی (1970) له زانکــۆی بەیرووتــدا بــوو بە مامۆســتا، له ســاڵی (1973) دکتــۆرای دەوڵەتــی له زانکــۆی  قەدیــس یووســف له بەیــرووت بە دەســتهێنا، تێــزی دکتــۆراکەی بەناونیشــانی (الثابــت و المتحــول بحــث فــي الإبــداع و الاتبــاع عنــد العــرب) كه بريتــی بــوو لەســێ بەش، بەشــی یەکەمــی له ســاڵی (1974) بەنــاوی (الاصــول) چــاپکرادو بەشــی دووەمیشــی له ســاڵی (1977) بەنــاوی (تأصــيل الاصــول) و بەشــی ســێیەمیش له ســاڵی (1978) بەنــاوی (صــدمة الحداثــة). بەدرێژایــی ئەو مــاوەیە لەزۆربەی ڕۆژنــامەو گۆڤارەکانــدا بەرهەمەکــانی بڵاوکــردۆتەوە، بەتــایبەتی لەهەردوو ڕۆژنــامەی (الســفیر) و (النهــار) و گۆڤــاری (الموقــف الادبــی) و (المســرح) و گۆڤــاری ESPRIT له پــاریس و گۆڤــاری (المجلــة) له قــاهیرەو (الكرمــل) له بەیــرووت و نیقۆســیا و (الطریــق) له بەیرووت و (الثقافة الجدیدة) له مەغریب و (کلمات) له بەحرەین.

لەنێــوان ســاڵانی (1980 – 1981) له زانکــۆی ســۆربۆن له فەڕەنســە وانەی وتــۆتەوە، له ســاڵی (1983) بــوو بە ئەنــدامی دەســتەی بــاڵای کــۆلێجی فەلســەفە له پــاریس. له ســاڵی (1985) بەهــۆی شــەڕی نــاوخۆوە بۆیەکجــاری بەیرووتــی بەجێهێشــت و چــووە پــاریس، پاشــان بــۆ مــاوەی چــوار مانــگ له زانکــۆی جــۆرج تــاون له واشــنتۆن دەرســی وتــۆتەوە، پاشــان بــوو بە نــوێنەری هەمیشــەیی کۆمکــاری وڵاتە عەرەبییەکــان له یۆنیسکۆ له پــاریس، بەڵام له ســاڵی (1990)دا دەســتی لەکــار کێشــاوەتەوە. حــاڵی حــازر لەگەڵ خالیده سەعیدی خێزانیدا له پاریس دەژین.